دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٧٧٧، یەکشەممە ١٥ی پووشپەڕی ١٣٩٩ی هەتاوی، ٥ی جوولای ٢٠٢٠


www.kurdistanmedia.com

■ حیزبی دێموکرات جێبەجێکردنی حوکمی ئێعدامی «هیدایەت عەبدوڵلاپوور»ی پشتڕاست کردەوە
٢


■ ڕاگەیەندراوی دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزب، لەمەڕ شەهیدکرانی ٣ ژینگەپارێز لە پاوە
٢

■ هێزی پێشمەرگەی کوردستان زەربەیەکی قورسی لە دوژمن دا
٣


کوردستان پەیمانی نوێ کردەوە
٤


کاتێک هونەر دەچێتە خزمەتی دەربار، هونەرمەندیش دەبێتە دەرباری
٦


ڕاهێنەری فێرگەیەک بۆ فێربوون
٨


هونەری «مەودادانانی کۆمەڵایەتی» لە ڕوانگەی «هانا ئارێنت»
١٠

# ئەندێشەی سەوزمان ڕێبەرە




سەرەڕای ئەوەی کە داگیرکەران، ساڵەهای ساڵە لەهەوڵدان تاکوو خاکی نیشتمانی کوردان داگیر بکەن و بە ئاگرتێبەردانی دارستانەکان سرووشتی جوانی لێ زەوت بکەن و لە هەزاران هەوڵی دزێودا سامانەکانی ئەم نیشتمانە بە تالان ببەن، بەڵام کەسانێک بوون و هەن کە لە بەرانبەر ئەم هەموو زێدەخوازی و نامرۆڤبوونەدا وەستاونەتەوە و لەم پێناوەشدا لە بەخشینی گیانی خۆیان لە ڕێگەی بستە خاکێکی ئەم وڵاتەشدا درێغیان نەکردووە.

مێژووی ئەم نیشتمانە زامدارە پڕ لە تراژێدیاگەلێک کە ڕەنگە بە دەگمەن نەتەوەیەکی دیکە هەبێت کە بینیبێتی یان دەرکی پێ بکات. بەچەشنێک کە زۆر جاران دەوترێ چارەنووسی ئێمە هەر شەهیددانە، شەهیدی نان و شەهیدی ئازادی و رزگاری و شەهیدی ژینگە و.... چارەنووسی کورد وای خواستووە لە پێناو گشت جوانییەکانی ژیان و مرۆڤایەتیدا هەروا شەهید بێ و شەهید بدا. ئێمە ئەشێ بمرین تا ژیان شین ببێتەوە و ناشیرینی و سووتان روخساری زەوی و مرۆڤایەتی لەوە ڕەشتر نەکات.

سەرەڕای هەموو داگیرکاری و تاڵانکردن و تێکدانەکان کە بەر سەر جەستەی ئەم نیشتمانەدا هاتووە دیسانیش ڕۆڵە بە ئەمەگەکانی گیانی بەنرخی خۆیان لە پێناویدا دادەنێن.

لە ڕۆژی ٣ی خەرمانانی ساڵی ٩٧دا شەریف باجوەر و ئومێد کۆنەپۆشی لە چالاکانی ژینگەپارێز لە کاتی کوژاندنەوەی ئاگری دارستانەکانی شاری مەریواندا شەهیدبوون .

خەڵکی بەئەمەگی کوردستان کە هەمیشە ئامادەی گیانفیدایی لە پێناو پاراستنی خاکی کوردستاندان، بە دروشمی «ئەندێشەی سەوزمان ڕێبەرە»، جیا لە ڕاگەیاندنی وەفاداریی خۆیان بە شەهیدانی ژینگە، پەیمانیان لەگەڵ شەهیدان و داربەڕووەکانی کوردستان نوێ کردەوە کە تا دوایین هەناسە ئەوانیش شەریفئاسا و ئومێدئاسا لەم پێناوەدا هەوڵ بدەن و نەهێڵن تاکە لقێک لە دارستانەکانی کوردستان لە ئاگری نەیاراندا بسووتێت و ئومێدەکان بمرن و شەرافەتی نیشتمان خەوشدار بێ.

پاش حەماسەی بەخاکسپاردنی شەهیدانی ژینگە و بەڕێ کردنیان بە سرووودی ئەی شەهیدان بۆ مەنزڵگەی ئەبەدی، زیاتر لە جاران خەڵک هەنگاویان نایە ئەم مەیدانەوە و ئەوەی کە لە دەستیان هاتبێت درێغیان نەکردووە.

شەهیدان شەریف باجوەر و ئومێد کۆنەپۆشی بە بەخشینی گیانیان بەم نیشتمانە زامدارە، ڕۆحی بە یەکبوونیان لە نێو خەڵکدا زیندوو کردەوە و رایانگەیاند کە ژیانی داربەڕووەکانی زاگرۆس ئەوەندە بەنرخە کە دەبێ ئامادە بیت ژیانی بۆ بەخت بکەی.

لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا، بە بەردەوامی دارستان و لەوەڕگەکانی کوردستان لە لایەن نەیارانی ژینگە و دەستوپێوەندییەکانی کۆماری مرۆڤکوژی ئیسلامیی ئێرانەوە ئاگریان تێبەردراوە و خەسارێکی یەکجار زۆر بەر ژینگەی کوردستان کەوتووە، ئەمە لە حاڵێکدایە کە ژینگەپارێزانی کوردستان هەموو هەوڵ و توانای خۆیان بۆ کۆنترۆڵکردنی ئاگری دارستانەکانیش خستووەتە گەڕ و ئەوەی کە پێیان کرابێت بۆ ڕزگارکردنی دارستانەکان و گەڕاندنەوەی هەناسە بۆ ژینگەی زاگرۆس کردوویانە.

هەوڵە نامرۆڤانەکانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی تراژێدیای شەهیدبوونی ژینگەپارێزانی دووپات کردەوە و بەداخەوە ڕۆژی یەکشەممە، ٨ی پووشپەڕ، ٣ کەس لە ئەندامانی ئەنجومەنی «ژیوای» پاوە کە دوو کەسیان ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوون لە کاتی کوژاندنەوەی ئاگری دارستانەکانی «بووزین و مەرەخێڵ»ی پاوەدا گیانیان لە پێناو پاراستنی داربەڕووەکانی کوردستاندا پێشکەشی نیشتمانی کرد.

هاتنە سەرشەقامی خەڵکی پاوە بۆ پێشوازی لە تەرمی شەهیدە نوێیەکانی ڕێگای ڕزگاریی زاگرۆس لە ئاگری دوژمنان لەم دۆخەدا کە کۆرۆنا گەورەترین هەڕەشە بۆ سەر ژیانی مرۆڤایەتییە، نیشاندەری ئەم زامە قووڵەیە کە ئێستا لە دڵ و هەناوی تاک بە تاکی خەڵکی کوردستاندا ڕیشەی کوتاوە.

خەڵکی پاوە لە ئێوارەی یەکشەممەدا لە سەر شەقامەکان و بە نووسراوەگەلێکی وەک « شەهید نامرێ»، «نامرن ئەوانەی وا لە دڵی میللەتدا دەژین»، «ڕێگاتان پڕ ڕێبوار» و بە دەیان ڕستەی دیکە و بە بەدەستەوەگرتنی وێنەی شەهیدانی ژینگەپارێز و وتنەوەی سرووودی ئەی شەهیدان هاوکات لەگەڵ دەربڕینی خەم و پەژارەیان بۆ لەدەستدانی ڕۆڵە چاونەترسەکانی کوردستان، پەیمانی وەفاداریان بە ڕێبازەکەیان دووپات کردەوە و لە نێو جەرگەی پەژارەیەکی نیشتمانی حەماسەیەکی لەبیرنەکراویان هاوشێوەی حەماسەی شەهیدانی ژینگە لە مەریوان و حەماسەی یارمەتیگەیاندن بە لێقەوماوانی بوومەلەرزەی ئزگەڵە خوڵقاند و بە دوژمن و نەیارانی ئەم گەلەیان وتەوە کە ئەوەی لە کوردستاندا هەیە ئەویترێکە بە شوناسیکی جیاواز لەوەیکە لە ناوەند بڕیاری بۆ دەدرێ و بیری لێدەکرێتەوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا هەوڵی داوە کە بە بەردەوام بوون لە تێبەردانی ئاگر لە جەستەی ئەم نیشتمانە، مەرگ و نەمان لای خەڵکی ئێمە ئاسایی بکاتەوە و پێمان بڵێ کە ئێوە مەحکوومن بە نەمان، بێ ئاگا لەوەی کە وەک دارەپیرەی چیرۆکی «جەلال مەلەکشا»، ئێمە نامرین، لەوپەڕی مەرگیشەوە هەر دێینەوە!

شەریف باجوەر، ئومێد کۆنەپۆشی، موختار خەندانی، بیلال ئەمینی و یاسین کەریمی، چوونە ڕیزی شەهیدانی کوردستانەوە و چی لەوە سەرووتر کە لە پێناو خاک و نیشتماندا گیان بسپێری.

بە شەهیدبوون و بریندارببوونی ژینگەپارێز و دڵسۆزانی کوردستان ئەم کەتوارە دەردەکەوێ کە ڕۆڵەی بناری زاگرۆس، لە هیچ شێوە مەرگێک سڵ ناکاتەوە، بست بە بستی خاکی ئەم کوردستانە و لق بە لقی دارەکانی و دڵۆپ دڵۆپ ئاوی کانیاوەکانی ئەوەندە بەنرخن کە بەخشینی گیان کەمترین کارێکە دەکرێ بۆ پاراستنیان بکرێت چونکە دەزانن کە شەهید لوتکەی هەڵوێستی ئینسانە.

ژینگەپارێزان بە شەهیدبوونیان لە پێناو پاراستنی دارستانەکانی کوردستاندا بەردێکی دیکەی بناغەی بونیاتنانەوەی نیشتمانیان دانا و بە دڵنیاییەوە نەوەی داهاتووش ئەندێشەی سەوزیان ڕێبەر دەبێ.

پەیڤ

## ڕێگای ئورشەلیم

کەریم پەرویزی

وەك دەڵێن ناوکی ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهی لەگەڵ دژایەتیی حکومەت و نەتەوەی ئیسراییل براوە. هەر کە خومەینی دەسەڵاتی لە تاران پاوان کرد و هەموو شەریکەکانی وەدەرنا، بۆ ئەوەی لە چەپە توندئاژۆکان وەدوا نەکەوێ، هێرشی توندی بۆ سەر ئیسراییل دەست پێ کرد و تەنانەت هەینیی ئاخری ڕەمەزانی بەناوی ڕۆژی قودس دیاری کرد تاکوو هەموو موسوڵمانانی جیهان بە دژی ئیسراییل هان بدا.

دەسەڵاتی خومەینی لە هەندێ شتدا پێڕەوییەکی تەواوی لە ئیدئۆلۆژیی مارکسیست لێنینیستیی خەتی توودەیی لە ئێراندا دەکرد و سیاسەتەکانی بەجۆرێك دادەڕشت کە لە پروپاگەندەکانی خەتی توودە وەدوا نەکەوێ. بۆ وێنە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە زۆر زیاتر لە کۆمۆنیستەکان دژی ئامریکایە، هرووژمی بردە سەر باڵیۆزخانەی ئامریکا لە تاران و کارمەندەکانی بە بارمتە گرت. یەکێکی دیکە لەو شوێنانەی کە خومەینی و تاقمەکەی دەیانەویست لە توودە و توودەییەکان لێی وەدوا نەکەون دژایەتیی ئیسراییل بوو و ئەو دژایەتییە نەریتییەی هەندێك لە مەزهەبییەکانیشیان دژ بە جوولەکە تێکەڵ بە ئیدئۆلۆژییە سیاسییەکەیان کرد و ئەم چار دەیەیە هاوار دەکەن کە دەیانەوێ ئیسراییل بڕووخێنن و بیسڕنەوە!

لە سەردەمی شەڕی ماڵوێرانکەری ئێران و عێراق لە دەیەی شەستی هەتاویدا، تەنانەت خومەینی بەو شێوە هانی گەنجانی پێڕەوی ڕێژیمەکەی دەدا کە گەر دەیانەوێ قودس ڕزگار بکەن، دەبێ سەرەتا ڕێژیمی سەددام بڕووخێنن و دروشمە بەناوبانگەکەیان ئەوە بوو کە «ڕێگەی قودس لە کەربەلاوە تێدەپەڕێ». مەبەستیان ئەوە بوو کە دەبێ لە پێشدا عێراق داگیر بکەن و کەربەلا بگرن و لەوێشەوە بەرەو ڕزگاریی قودس بڕۆن. یانی ئامانجە سەرەکییەکە گەیشتن بە قودس و سڕینەوەی ئیسراییل بوو و شەڕ لەگەڵ سەددام و داگیرکردنی کەربەلا تەنیا سەرەتای کارەکەیە!

دروشمی ڕێگای ڕزگاریی قودس، بەشێکی ئەساسیی سیاسەتی ناوچەیی ڕێژیمی پێك دەهێنا و لەم چوار دەیە زیاترەدا، بە دەیان میلیارد دۆلار سامانی ئێرانی لە پێناو شەڕە بێکۆتاییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بەفیڕۆ داوە؛ بەڵام ئێستا کە عێراقی بە شێوەیەك لە شێوەکان داگیر کردووە و ڕێژیمی سەددام

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# حیزبی دێموکرات لە ڕاگەیەندراوێکدا جێبەجێکردنی حوکمی ئێعدامی «هیدایەت عەبدوڵڵاپوور»ی پشتڕاست کردەوە

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاوی کردەوە کە هاوڕێ «هیدایەت عەبدوڵڵاپوور» ئەندامی خەباتکاری حیزبی دێموکرات، لەلایەن جەلادەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە تیرباران کراوە .

دەقی ڕاگەیەندراوەکە بەم چەشنەیە:

خوێنی شەهیدان، ڕێنوێنی ڕێگایە

هاونیشتمانیانی بەڕێز!

خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران!

بە داخەوە ڕادەگەیەنین، هاوڕێ «هیدایەت عەبدوڵڵاپوور» کوڕی «ئەبوبەکر» خەڵکی شنۆ لەلایەن جەلادەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، تیرباران کراوە .

هاوڕێ «هیدایەت عەبدوڵڵاپوور» لەدایکبووی ١٣٦٩ی هەتاوی و ئەندامی دڵسۆز و چالاکی حیزبەکەمان لە ١٣ی گەلاوێژی ١٣٩٥ی هەتاوی، دوای ٤٩ ڕۆژ لە شەڕی بەناوبانگی قەرەسەقەل دەسبەسەر کرا و بۆ ماوەی ٧٤ ڕۆژ لە گرتووخانەی ئیدارەی ئیتلاعاتی ورمێ بۆ وەرگرتنی ئیعترافی زۆرەملێ و ئەشکەنجە ڕاگیرا .

دواتر بە تۆمەتی شەڕ لەگەڵ نیزام و ئەندامەتی لە حیزبی دێمۆکراتدا حوکمی ئێعدامی بەسەردا سەپێندرا. لەگەڵ ئەوەی ئەو حوکمە لەلایەن شوعبەی ٤٧ تانەی لێ درا و بەڕێ کرا بۆ دادگای ئینقلابی ورمێ، هیدایەت عەبدوڵڵاپوور لە لقی ٢ی دادگای ئینقلابی ورمێ محاکمە و بۆ جاری دووەم بە داوا و گوشاری «حیفازەتی ئیتلاعاتی سپای ورمێ» حوکمی ئێعدامی بەسەردا سەپایەوە .

پێویست بە ئاماژەیە، هیدایەت عەبدوڵڵاپوور بەر لە ئێعدامی بۆ ماوەی ٥ مانگ تەنانەت ئیجازەی چاوپێکەوتنی هاوسەر و منداڵەکانی نەدراوە و ڕۆژی ٢٠ی بانەمەڕ لە زیندانی ورمێ ڕاگوێزرا و بێسەروشوێن کرابوو. هەرچەند دواتر بە زارەکی بە بنەماڵەی خۆڕاگری شەهید هیدایەتیان ڕاگەیاندبوو کە لە بەرچاوی بنەماڵەی کوژراوانی شەڕی قەرەسەقەل، هیدایەتیان ئێعدام کردووە؛ بەڵام دوای بەدواداچوونێکی زۆر، دەرکەوت کە ڕۆژی ٢٢ی بانەمەڕ بەداخەوە «هیدایەت عەبدوڵڵاپوور»یان تیرباران کردووە و ئیدارەی سەبتی ڕێژیم، بەڵگەی کۆچی دواییان بۆ دەرکردووە.

لە ٤١ ساڵی ڕابردوودا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بێ گوێدان بە بیروڕای گشتی و بەبێ وەبەرچاوگرتنی هیچ پرەنسیپێکی مرۆیی، لە سەرکوت و کوشتاری ڕۆڵەکانی کورد بەردەوام بووە و بە بەرچاوی بیروڕای گشتییەوە تاوانەکانی بەڕێوە بردووە !بۆیە لە بیر و ڕای گشتی و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ و کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان و... هتد داواکارین پێش بە سەرکوت و ئێعدامی ڕۆڵەکانی کورد لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بگرن و چی دیکە ئیزن نەدەن مافی تاک و کۆی خەڵکی کوردستان پێشێل بکات.

بەو بۆنەوە هاوخەمیی حیزبی دێمۆکرات لەگەڵ بنەماڵەی خۆڕاگری عەبدوڵڵاپوور و بەتایبەت باوکی خەمخۆری ڕادەگەیەنین و دڵنیایان دەکەینەوە خوێنی شەهید هیدایەت و باقی شەهیدانمان بەفیڕۆ ناچێت؛ باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژەدانی ڕێگایانە.



**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەزگای ڕێکخستنی گشتی**
**٤ی پووشپەڕی ١٣٩٩ی هەتاوی**

# ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەبارەی ئێعدامکرانی «هیدایەت عەبدوڵڵاپوور»

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان!

کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان!

ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ!

بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە پاش چەند ڕۆژێک لە بڵاوبوونەوەی هەواڵی لەسێدارەدانی هیدایەت عەبدوڵڵاپوور، بەندکراوی سیاسیی کورد لەلایەن جەلادەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، ڕۆژی چوارشەممە، ٤ی پووشپەڕی ١٣٩٩ی هەتاوی (٢٤ی ژووئەنی ٢٠٢٠ی زایینی) ئەو هەواڵە پشتڕاست کرایەوە .

هیدایەت عەبدوڵڵاپوور، کوڕی ئەبووبەکر لەدایکبووی ساڵی ١٣٦٩ و ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆژی ١٣ی گەلاوێژی ١٣٩٥ی هەتاوی نیزیک دوو مانگ پاش شەڕی نابەرابەری قەرەسەقەل لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانەوە قۆڵبەست کرا. هیدایەت عەبدوڵڵاپوور کە نیزیک بە چوار ساڵ لەژێر ئەشکەنجە و ئەزیەت و ئازاری جەستەیی و ڕووحیی ناوەندە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی دابوو، سزای ئێعدامی بەسەردا سەپابوو. هەروەها بەر لە ئێعدامکرانی ماوەی ٥ مانگ بوو شوێنبزر کرابوو و تەنانەت ئیزنی چاوپێکەوتن لەگەڵ ژن و منداڵەکانیشی پێ نەدرابوو، و دواجار ڕۆژی ٢٢ی بانەمەڕ حوکمی ئیعدامی ناوبراو لەلایەن دەزگا سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامییەوە جێبەجێ کرا.

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و وڵاتان و کۆڕ و کۆمەڵە سیاسی و مرۆڤدۆستەکان!

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە چوار دەیەی ڕابردوودا بێ گوێدان بە بیروڕای گشتی و بەبێ لەبەرچاوگرتنی هەر چەشنە پێوانەیەکی مرۆیی لە سەرکوت و کوشتاری ڕۆڵەکانی کورد بەردەوام بووە و بە بەرچاوی بیروڕای گشتییەوە جینایەتەکانی دەرحەق بە گەلانی ئێران بە گشتی و گەلی کورد بەتایبەتی درێژە پێ دەدا.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە هەموو ئەو ماوەیەدا بە مەبەستی کپکردنی دەنگی ئازادیخوازانەی گەلی کورد و بەردەوامیی دەسەڵاتی نارەوای خۆی لە هەموو ئامرازێکی سەرکوت و کوشتوبڕ کەڵکی وەرگرتوە. نەتەوەی خەباتکاری کورد لە ئێران لە باری حەشیمەت و ڕێژەی ئێعدامی سیاسی لە سەرووی ڕیزبەندییەکان دایە و لە چوار دەیەی ڕابردوودا پۆل پۆل لاوەکانمان بە تاوانی ئازادیخوازی و مافویستی دەبرێنە بن پەتی سێدارە.

لەو هەلومەرجەشدا کە دنیا گیرۆدەی پەتای کۆرۆنایە و دەوڵەتان هەموو خەمیان کەمکردنەوە لە مەینەتی و ئازارەکانی خەڵکەکەیانە، کۆماری ئیسلامی لە ئێعدامی ڕۆڵە ئازادیخوازەکانی کورد و سیاسەتی کوشتوبڕ لە کوردستان بەردەوامە. بۆیە داوا لە وڵاتانی بڕیاربەدەست و بەرپرسیار، هەروەها کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ دەکەین بە گرتنی هەڵوێستی شیاو پێش بە بەردەوامیی کۆماری ئیسلامی لە ڕەوتی سەرکوت و ئێعدامی ڕۆڵەکانی کورد بگرن و چی دیکە ڕێگە نەدەن ئەم تاوانانە بۆ کۆماری ئیسلامی بەبێ تێچوو درێژەیان هەبێ.

ئێعدامی هیدایەتی عەبدوڵڵاپوور و ڕاگەیاندنی بە بنەماڵەکەی لە حاڵێکدایە کە ماوەی نزیک بە ١٠ ڕۆژ دەبێ سپای پاسداران لەژێر ناوی مانۆڕی سپا، هێزێکی زۆر و کۆک و پۆشتەوپەرداخی بە هەموو جۆرە چەکێکی پێشکەوتوو هێناوەتە سنوورەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان و ماوەبەماوە و بێ هۆکار ڕەز و باغ و مووچە و مەزرا و کوێستانەکانی سەر سنوور تۆپ وخومپارەباران دەکا و زیانی زۆری بە خەڵکی ناوچەکە و ژینگە و سروشتی ئەم دەڤەرانە گەیاندوە. هاوکات لەلایەن فەرماندە باڵاکانی سپای پاسدارانەوە هەڕەشەی هێرشی زەوینی و ئاسمانی لە حیزبە کوردستانییەکان دەکرێ و ئەم جۆرە لێدوان و دەربڕینانە ئەو دەنگۆیانە پشتڕاست دەکەنەوە کە سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئامانجی لە وەڕێخستنی ئەو مانۆرە هێرشکردنە سەر خاکی هەرێمی کوردستانی عێراقە. بێگومان وڵاتان و ڕێکخراوە سیاسی و مرۆڤدۆستەکان پێویستە سیاسەتی دەستدرێژیکەرانەی کۆماری ئیسلامی مەحکووم بکەن و سنوورێک بۆ ئەو دەستدرێژییانە دابنێن.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران هاوکات لەگەڵ دەربڕینی هاوخەمی لەگەڵ بنەماڵەی شەهید هیدایەت عەبدوڵڵاپوور، خۆی بە هەڵگری خەم و ئازارەکانی هەموو بنەماڵەی شەهیدانی ڕێگای ئازادی و سەربەستیی کوردستان دەزانێ. هاوکات کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دڵنیا دەکەینەوە کە ئێعدامی ڕۆڵەکانی کورد و هێرش و پەلاماری مووشکی و تێرۆری تیکۆشەرانمان، لە بڕینی ڕێگای خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان ساردمان ناکاتەوە.

بە دڵنیاییەوە ناو و یادی شەهید هیدایەت عەبدوڵڵاپوور دەکەین بە ئیلهام بۆ خەباتێکی شێلگیرانەتر دژی ڕێژیمی دژەکوردی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

**سڵاو لە گیانی پاکی شەهید هیدایەت عەبدوڵڵاپوور، نوێترین شەهیدی ڕێگای ڕزگاریی نەتەوەی کورد**
**ڕیسوایی و نەمان بۆ ڕێژیمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی**
**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٤ی پووشپەڕی ١٣٩٩ی هەتاوی**

# ڕاگەیەندراوی دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزب، لەمەڕ شەهیدکرانی ٣ ژینگەپارێز لە ئاگرتێبەردانەکانی ناوچەی پاوە

خەڵکی خەباتکار و نیشتمانپەروەری کوردستان!

ژینگەپارێزانی نیشتمان!

هەر وەک ئاگادارن ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە درێژەی پیلانەکانی خۆی بۆ لەنێوبردنی ژینگە و دارستانەکانی کوردستان، هەروەک ساڵانی پێشوو و لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا و لە دەڤەری هەورامانی ڕەنگین، ئاگریان لە دارستانەکانی ناوچەی «مەرەخێڵ و بۆزین» لە دەوروبەری شاری باینگان سەر بە شارستانی پاوە بەرداوە، دیارە ئەم ئاگرتێبەردانانە هەر لە ناوەڕاستی وەرزی بەهار و بە گەرمبوونەوەی هەوا لە ناوچەکە دەستی پێکردبوو و بە شێوەیەکی سیستماتیک و پلان بۆ داڕێژراو لە مانگی جۆزەردان پەرەی سەند، لەو چوارچێوەشدا لە ڕۆژی هەینی ٢ی جۆزەردان (٢٠٢٠/٠٦/٢٢ ز.) بە ئاگرتێبەردانی شاخەکانی دەوروبەری نەوسوود و شاخی «سەرکۆ» قۆناغێکی نوێی ئاگرتێبەردانی دارستانەکانی کوردستان لە ناوچەی هەورامانیان دەست پێکرد و یەک حەوتوو دواتر بەکرێگیراوانی سپای تێرۆریستی پاسدارانی ئێران ئاگریان لە دارستانەکانی «مەرەخێڵ» بەردا کە دواتر بە تێکۆشان و ماندووبوونی دوو ڕۆژی ژینگەپارێزانی ناوچەکە و بەتایبەت « ئەنجومەنی ژینگەپارێزیی ژیوای» لە شاری پاوە توانرا ئاگرەکە کۆنترۆڵ بکرێت، بەداخەوە لەو کارەساتەدا نزیکەی ٣٠٠ هێکتار لە دارستانەکانی ناوچەکە لە ئاگری سپای تاریکی لەنێو چوون.

هەر لە ڕۆژانی دواتر بەکرێگیراوانی سپای پاسداران لە درێژەی پیلانەکانیان و بە مەبەستی بەسووتماک کردنی کوردستان و لە چوارچێوەی سیاسەتی «زەویی سووتاو»، ئەمجارە شەپۆلێکی بەرینتر لە ئاگرتێبەردانی دارستانەکانی دەڤەرەکەیان گرتەبەر و جارێکی تر لە ڕۆژی شەممە ١٠ی جۆزەردانی ١٣٩٩ی هەتاوی، ئاگریان لە شاخەکانی دەوروبەری گوندی «نجار»، ١٣ی جۆزەردان (٢٠٢٠/٠٦/٠٢ ز.) لە شاخەکانی دەوروبەری گوندەکانی هەجیج و داریان، ٢١ی جۆزەردان (٢٠٢٠/٠٦/١٠ ز.) لە شاخەکانی هیروێ، پێنجشەممە ٢٩ی جۆزەردان (٢٠٢٠/٠٦/١٨ ز.) لە شاخی «دەرەنیشە» و لە هەمان ڕۆژ لە شاخەکانی دەوروبەری گوندی «دشە»، لە ڕۆژی یەکشەممە ١ی پووشپەڕ (٢٠٢٠/٠٦/٢١ ز.) لە شاخی «سەردەرە»ی پاوە، لە ڕۆژی پێنجشەممە ٥ی پووشپەڕ (٢٠٢٠/٠٦/٢٥ ز.) لە ناوچەی «دڕۆڵە» بەردا.

دواجار ڕۆژانی پێنجشەممە و هەینی ٥ و ٦ی پووشپەڕی ١٣٩٩ی هەتاوی (٢٠٢٠/٠٦/٢٦ ز.) سپای تێرۆریستی پاسدارانی ئێران، بە شێوەیەکی بەرین ئاگریان لە دارستانەکانی «ناوچەی پارێزراوی لانەوان، بۆزین و مەرەخێڵ» بەردا و لەگەڵ بیستنی هەواڵەکە، خەڵکی نیشتمانپەروەری ناوچەکە و ئەندامانی ئەنجومەنی ژینگەپارێزیی ژیوای بەزوویی خۆیان ڕێک خست و بەرەو ناوچەکە بەڕێ کەوتن، هەرچەند کە جاری یەکەم و لە هەمان ڕۆژدا ژینگەپارێزانی ناوچەکە توانییان ئاگرەکە کۆنترۆڵ بکەن بەڵام بەداخەوە جارێکی تر کاتژمێر ٧ی سەرلەبەیانیی ڕۆژی یەکشەممە، واتە ٧ی جۆزەردان، ئاگر لە ناوچەکە بەردەدرێتەوە. دیارە هەر لە سەرەتای مانگی جۆزەردان تێکۆشەرانی سەنگەری ژینگەپارێزی و خەڵکی نیشتمانپەروەری ناوچەکە بە هەموو توانایان و بە شێوەیەکی بێوێنە توانیبوویان یەک بەیەکی ئەو ئاگرانەی کە لەلایەن سپای تێرۆریستی پاسدارانی ئێران لە ناوچەکە بەردرابوو کۆنترۆڵ بکەن و تا ڕادەیەکی زۆریش پیلانەکانی ڕێژیم لەو بوارەدا پووچەڵ بکەنەوە، هەر ئەمەش بووە هۆی تووڕەبوونی کاربەدەستانی ڕێژیم و فەرماندەرانی سپای جەهل و نەزانی لە ناوچەکەدا و هەر بەم هۆیە لە ڕۆژی یەکشەممە سپای پاسداران بۆ زەربەلێدان لە بزووتنەوەی ژینگەپارێزیی کوردستان و بەمەبەستی چاوترسێنکردنی خەڵک جارێکی تر سێناریۆی شەهیدکرانی شەهید «شەریف باجوەر» و هاوڕێیانی ئەمجارە لە دەڤەرێکی تری کوردستان دووبارە کردەوە.

خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبە خۆشەویستەکەمان!

بەداخەوە ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە، دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکرات لەلایەن ئەندامانی نهێنیی حیزب لە ناوچەکە ئاگادار کرایەوە کە بە پیلانی ئەمجارەی بەکرێگیراوانی ڕێژیم و سپای تێرۆریستی پاسدارانی ئێران، دوو ئەندامی دڵسۆزی حیزب لە دەڤەری هەورامانی دەلال بە ناوەکانی «موختار خەندانی» خەڵکی نەوسوود و «یاسین کەریمی» خەڵکی شارەدێی شمشێر، ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ڕۆڵەیەکی تری وەفادار بە ژینگە و خاکی کوردستان بە ناوی «بیلال ئەمینی» خەڵکی ناوچەی ئێناخی، بە شێوەیەکی گوماناوی لەنێوان ئاگری دارستانەکانی ناوچەی مەرەخێڵ گیانی ئازیزیان بەختی نیشتمان و پاراستنی ژینگەی کوردستان کردووە.

بیستنی هەواڵی گیانلەدەستدانی دەستەیەکی تر لە ژینگەپارێزانی کوردستان و بەتایبەت شەهیدکرانی دوو ئەندامی دڵسۆزی حیزب لە ناوچەکە، جارێکی تر وەبیری پیلانی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی و شەهیدانی ژینگەپارێز لە مەریوان و بەتایبەت شەهیدکرانی ئەندامی تێکۆشەری حیزبەکەمان شەهید «شەریف باجوەر»ی خستینەوە و ئەمجارە دەستبەجێ لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانمان لە نیوخۆی وڵات بەدواداچوونی وردمان بۆ ڕووداوەکە دەست پێکرد و بۆمان دەرکەوت کە:

١- سەرەڕای ئەوەی ئاگرتێبەردانی یەکەمی دارستانەکانی مەرەخێڵ دواجار لە ڕۆژی شەممە ٧ی پووشپەڕ لەلایەن خەڵکی ناوچەکە و ئەندامانی ئەنجومەنی ژیوای بە تەواوەتی کۆنترۆڵ کرابوو، بەڵام سەرلەبەیانیی ڕۆژی یەکشەممە کاتژمێر ٧ی بەیانی جارێکی تر ئاگر لە ناوچەکە بەر دەدرێتەوە و دەستبەجێ ئەنجومەنی ژینگەپارێزیی ژیوای تیمێک ڕەوانەی ناوچەکە دەکات، بەڵام بەهۆی پانتایی و شاخاوی بوونی ناوچەکە تیمی دووەم بە سەرپەرەشتیی شەهید «موختار خەندانی» ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری ئەنجوومەنی ژینگەپارێزیی ژیوای، کاتژمێر ١١ی نیوەڕۆ ئامادە دەبن و بەرەو ناوچەکە بەڕێ دەکرێن.

٢- لە هەمان ڕۆژ و چەند کاتژمێر پێش شەهیدکرانی ژینگەپارێزان، شەبەکەی مۆبایلی ناوچەکە بە شێوەیەکی گوماناوی و پیلانداڕێژراو لەکار دەخرێت و تەنانەت هێزە تێرۆریستییەکانی سپای پاسداران «بێ سیم»ـی تیمەکانی ئەنجومەنی ژینگەپارێزیی «ژیوای»ـیان لێ وەردەگرنەوە و بەو شێوە بە تەواوەتی پەیوەندیی تیمەکان بەیەکەوە نامێنێت.

٣- لە کاتی ئاگرتێبەربوونەکە و لە کاتی ڕووداوەکەشدا، لە ناوچەکە چەندین جار دەنگی تەقینەوە بیستراوە.

٤- بەو پێیە کە دارستانەکانی بۆزین و مەرەخێڵ «ناوچەی پارێزراو»ن و لەلایەن هێزەکانی سپای تێرۆریستی پاسدارانی ئێرانەوە بەتوندی لەژێر چاودێریدایە و خەڵکی ئاسایی ناتوانن بە ئاسانی هاتوچۆی ئەو ناوچە کە ئاگرەکەی لێ بەربووەتەوە بکەن، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەم ڕووداوەش وەک پیلانی شەهیدانی ژینگە لە مەریوان، سێناریۆیەکی تری هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم لە کوردستانە.

ئێمە وەک دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەڕای بەداخبوونمان بۆ شەهیدبوونی سێ تێکۆشەر و لاوی قارەمانی ناوچەی هەورامان، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکاری شەهیدان دەکەین و ڕوو بە ڕای گشتی و هەموو ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان ڕادەگەیەنین و داواکارین بۆ ڕوونبوونەوەی زیاتری ئەو کارەساتە، گوشار بخەنە سەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و بە ناردن و دیاریکردنی لێژنەیەکی بێ لایەن، ڕاستیی ئەو ڕووداوە بۆ ڕای گشتی دەربخەن، هاوکات خەڵکی کوردستان و ژینگەپارێزانی نیشتمان دڵنیا دەکەینەوە کە خوێنی شەهیدانمان بە فیڕۆ ناچێت و تا گەییشتن بە ئاوات و ئامانجی شەهیدەکانمان درێژەدەری ڕێگایان دەبین. بەڵێن دەدەین بە شەهیدان کە درێژەدەری ڕێگایان بین.

**نەمری بۆ گیانی پاکی تازەترین قوربانییانی دەستی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران.**
**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەزگای ڕێکخستنی گشتی**
**٩ی پووشپەڕی ١٣٩٩ی هەتاوی**

# شەهیدبوونی هاوکارێکی دڵسۆزی دەزگای ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکرات لە پاوە

شەهیدی ژینگەپارێز کاک «موختار خەندانی»، ئەندامی بەوەجی حیزبی دێموکرات و هاوڕێ و هاوکارێکی دڵسۆز و کارامەی دەزگای ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکرات، لە کاتی کۆنترۆڵکردنی ئاگرتێبەردانی دارستانەکانی پاوەدا شەهید بوو.

شەهید «موختار خەندانی» لە ماوەی دەستپێکی بەرنامەکانی «تیشک تیڤی»دا، چەندین جار پارەی وەک یارمەتیی ماڵی بۆ بەڕێوەبەرانی «تیشک تیڤی» ناردووە و چالاکانە لەو بوارەدا یارمەتیدەر بووە.

هەروەها شەهید «موختار» یەکێک لە هاوکارە کارامەکانی بەرنامەکانی بەشی «هەورامی»ی «تیشک تیڤی» بووە کە چالاکانە و لێبڕاوانە هاوکاریی کردووە. ناوبراو لە ماوەی ئەندامیەتیی



خۆیدا، ئەندامێکی لێوەشاوە و لێهاتوو، ژینگەپارێزێکی نەسرەوتوو، هاوڕێ و هاوکارێکی دڵسۆز و کارامەی «تیشک تیڤی» بوو و هەموو کاتێک خزمەتکردن بە گەل و نیشتمانەکەی بە شانازی دەزانی و بەوپەڕی گیانبازی و فیداکارییەوە هەموو ئەرکێکی بە باشترین شێوە بەڕێوە دەبرد.

شەهید «موختار خەندانی» لە ڕێکەوتی ٨ی پووشپەڕ، هاوڕێ لەگەڵ دوو ژینگەپارێزی دیکە بە ناوەکانی «یاسین کەریمی و بیلال ئەمینی»، لە کاتی ئاگرکوژاندنەوەی دارستانەکانی پاوەدا شەهید بوون.

## هێزی پێشمەرگەی کوردستان زەربەیەکی قورسی لە دوژمن دا

دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەبارەی شەڕ و تێکهەڵچوونی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەگەڵ جاش و پاسدارەکانی ڕێژیمی ئێران ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە:

ڕاگەیەندراوێک لە دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە

ڕێکەوتی ٤ی پووشپەڕی ١٣٩٩ی هەتاوی کاتژمێر ٦ی ئێوارە بە کاتی کوردستانی باشوور، دەستەیەک جاش و پاسداری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە نێوان «دوڵە مەیدان و خۆلسەر» بە مەبەستی زەربەلێدان لە هێزی پێشمەرگە، سنوری نێوان پیرانشار و هەڵگوردیان بەزاند. دوای ئەوە دەستەیەک لە پێشمەرگەکان کە لە حاڵی گەشتێکی پێشمەرگانە دابوونە پاش ئاگاداربوون لە سنوربەزاندنی ئەو جاش و پاسدارانە لێیان وەدەست دێن. دوای ڕاوەدوونرانیان، ئەو جاش و پاسدارانە بەرەو مۆڵگەکانی خۆیان هەڵهاتن .

لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئەوەی سەرجەم پێشمەرگەکان سڵامەتن، لە زەرەر و زیانی دوژمن هیچ زانیارییەک لەبەردەست نییە.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان پێشتر ڕایگەیاندبوو کە هەر چەشنە پەلامارێک بۆ سەر سەنگەری لە گیراننەهاتووی پێشمەرگە بە توندی وڵام دەدرێتەوە.

**دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان**
**٤ی پووشپەڕی ١٣٩٩ی هەتاوی**

WWW.KURDISTANMEDIA.COM

## ڕاگەیەندراوی یەکەی کارگێڕیی حیزبی دێموکرات لە دەرەوەی وڵات بەبۆنەی هەوڵی تێرۆریستی بۆ سەر هاوڕێ سادق زەرزا

هاونیشتمانیانی بەڕێز!

کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان!

دیسان هێرش کرایە سەر تێکۆشەرێکی دیکەی حیزب و گەلەکەمان.

ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی ١٩ی ژووئەنی ٢٠٢٠ی زایینی، لە شاری لوردانی وڵاتی هۆڵەند، هاوڕێی تێکۆشەر، کاک سادق زەرزا، ئەندامی پێشووی ڕێبەریی حیزبەکەمان و کەسایەتی ناسراوی نێو ڕیزەکانی بزووتنەوەی ئازدیخوازانەی نەتەوەکەمان، هێرشی کرایە سەر و لە ئاکامدا بە توندی بریندار بوو.

کاک سادق، ساڵانێکی زۆر لە ڕیزەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی دێموکراتیکی کورددا، لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی کوردستاندا، وەک کادرێکی تێکۆشەری حیزبی و فەرماندەیەکی لێوەشاوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان خزمەتی بە بردنەپێشی ئامانجە بەرزەکانی حیزب و نەتەوەکەمان کردووە.

لە درێژەی هەوڵ و خەبات و تێکۆشانی لە ڕیزەکانی تەشکیلاتی حیزبدا، هەتا ئاستی سەرەوە و ئەندامەتی لە ڕێبەریی حیزب چووەتە پێش. کاک سادق سیمایەکی ناسراو و خۆشەویستی نێو تەشکیلاتی حیزبەکەمانە.

ئەگەرچی هەتا ئێستا هیچ ڕاگەیەندراوێکی فەرمی لەلایەن پۆلیسی هۆڵەندەوە سەبارەت بە ئەنگیزەی کردەوەکە بڵاو نەبووەتەوە بەڵام بە ئەزموونێک کە لە کۆماری ئیسلامی لەبەردەستدایە و ئاماژەکانی ئەو ڕووداوەی هێرش بۆ سەر کاک سادق و هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی ئەو زنجیرە تێرۆرانەش کە دەزگای تێرۆری کۆماری ئیسلامی لەو ماوەیەدا لە چەند وڵاتی ئورووپایی و بەتایبەت چەندین جار لە وڵاتی هۆڵەند ئەنجامی داون، بۆیە گومانی ئەوە دەکرێ ئەو کردەوەیەش بە بڕیاری دەزگاکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کرا بێ. ئێمە وێڕای مەحکوومکردنی ئەم کردەوەیە هیواداریـن کاک سادق بە زوویی برینەکانی سارێژ ببنەوە .

داوا لە پۆلیس و دەزگا بەرپرسەکانی دیکەی وڵاتی هۆڵەند دەکەین کە لێکۆڵینەوەی پێویست سەبارەت بەو ڕووداوە بکەن و بیروڕای گشتی لە چۆنیەتی مەسەلەکە ئاگادارکەنەوە و بۆ سزادان و لەقاودانی تێرۆریزم و سەرکوتی کۆماری ئیسلامی هەنگاوی پێویست هەڵگرن.

**یەکەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵات**
**١ی پووشپەڕی ١٣٩٩ی هەتاوی**
**٢١ ژووئەنی ٢٠٢٠ی زایینی**

## ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاری بەبۆنەی شەهیدکرانی سێ تێکۆشەری ژینگەپارێز لە پاوە

هاونیشتمانییانی بەڕێز!

کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە ژینگەپارێزییەکانی کوردستان!

هەواڵی شەهیدبوونی سێ ڕۆڵەی گەلەکەمان کە ڕۆژی یەکشەممە ٨ی پووشپەڕ لە کاتی کوژاندنەوەی ئاگری دارستانەکانی «بۆزین» و «مەرەخێڵ» گیانی پاکیان پێشکەشی نیشتمان کرد، خەفەتباری کردین. بەو بۆنە خەمناکەوە سەرەخۆشی لە هەموو لایەک، بەتایبەتی بنەماڵە کۆستکەوتووەکانیان، هاوڕێباز و هاوئامانجەکانیان لە ڕێکخراوە ژینگەپارێزییەکانی کوردستان و بەتایبەتیتر لە ئەنجومەنی ژیوای پاوە دەکەین. ئێستا ئیتر هەمووان دەزانن کە ڕێژیمی ئیسلامی لە ڕێگای ناوەندە ئەمنییەتی و کەسانی خۆجێیی سەر بە خۆیان بە پلان و پیلانی وردەوە خەریکی تێکدان و لەنێوبردنی ژینگەی کوردستان و سووتاندنی بەئەنقەستی دارستانەکانی کوردستانن. هەر لەم ساڵانەی دواییدا بە هەزاران هیکتار لە دارستانەکانی کوردستان لە ماکۆوە بگرە هەتا ئیلام، لە ئاگری ڕقی ڕێژیمی تاراندا سووتاون و لەوەش زیاتر ڕۆژ نییە سپای پاسداران و ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕێژیم لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان چالاکانی ژینگەپارێز بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنییەتی، دەسبەسەر و ڕاپێچی گرتووخانەکانیان نەکەن.

لێکەوتەی دڵتەزێن و لەوەش کارەساتبارتر شەهیدکردنی دڵسۆزانی نیشتمان و ژینگەپارێزانی کوردستانە کە پێشمەرگەئاسا و بە دەستی بەتاڵ و بێ هیچ ئیمکاناتێک بۆ پاراستنی نیشتمان و پارێزگاری لەو ژینگەیە تێدەکۆشن.

خەرمانانی دوو ساڵ لەوەپێش بوو کە چوار تێکۆشەری ژینگەپارێز بە ناوەکانی «شەریف باجوەر، ئومید حوسێنزادە، ڕەحمەت حەکیمی نیا و محەممەد پەژووهی»، لە کاتی کوژاندنەوەی ئاگری دارستانەکانی مەریواندا سووتان و شەهید بوون.

ئەمجارەشیان لە دارستانەکانی «بۆزین» و «مەرەخێڵ»، سێ ژینگەپارێز و خەمخۆری نیشتمان بە ناوەکانی «موختار خەندانی، یاسین کەریمی و بیلال ئەمینی» لە کاتی کوژاندنەوەی ئاگردا گیانی ئازیزیان لەدەست دا.

ناوەندی هاوکاری پێشتریش لە کاری شەهیدبوونی ژینگەپارێزەکانی مەریواندا ڕایگەیاندبوو کە کاربەدەستانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە بەرپرسیاری ئەم ڕووداوانە دەزانێت، چونکی بەڵگەنەویستە بەهۆی کەمتەرخەمی و زۆرجاریش بە هەوڵی بەئەنقەست و بە پیلانی پێشوەختەی ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمە ژینگە و دارستانەکانی کوردستان دەسووتێن و دەبنە خەڵووز. ئەو ئاگرەش کە ئەمجارە و دیسانەکەش بووە هۆی مەرگی جەرگبڕی سێ ڕۆڵەی ژین و ژینگەخۆشەویستی کوردستان، ئاگری قین و بوغزێکە پتر لە چوار دەیەیە بەر بووەتە گیانی سروشتی کوردستان و دەستی تاوانێکی لە پشتە کە بەردەوام ڕۆڵەکانی کورد دەکاتە قوربانی.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای سەرەخۆشی لە هاوڕێباز و بنەماڵەی ئازیزانی لەدەستچوومان، ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران و دەستوپێوەندییەکانیان بە تاوانباری و بەرپرسیاری سەرەکیی ئەو ڕووداوانە دەزانێت.

سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی ئەنجومەنی ژینگەپارێزی ژیوای پاوە، «موختار خەندانی، یاسین کەریمی و بیلال ئەمینی» و بەهیوای چاکبوونەوەی هەرچی زووتری برینداران دیکەی ئەم ڕووداوە.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٩ی پووشپەڕی ١٣٩٩**

## پەیامی هاودەردیی مامۆستا «حەسەن شێوەسەڵی» بۆ شەهیدانی ژینگە



مامۆستا «حەسەن شیوەسەڵی» ئەندامی ئیفتخاریی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی شەهیدکرانی ٣ ژینگەپارێز لە پاوە پەیامێکی هاوخەمیی بڵاو کردەوە.

مامۆستا «حەسەن شیوەسەڵی» لەو پەیامەدا بڵاوی کردووەتەوە، بە داخ و کەسەرێکی گرانەوە ڕێبوارانی ڕێگا پیرۆزەکەی کاک «شەریف باجوەر» و هاوڕێیانی لە ئاگربەردانەکانی پاوە گیانیان فیدای نیشتمان کرد و ئەوان سەلماندیان کە هەتا دوایین هەناسەیان لەسەر ڕێگاکەیان سوورن.

لەو پەیامەدا هاتووە، بەخشینی بەهادارترین سەرمایەی ژیان تەنیا لەو کەسانە دەوەشێتەوە کە دەتوانن دەرەقەتی ئەرکێکی وا گران و ئەستەم بێن.

مامۆستا «شیوەسەڵی» لەو پەیامەدا باسی لەوە کردووە، ئەوان قارەمانی نەبردی ئاور و ئینسانەکان بوون. بەداخەوە هەتا ڕێژیمی ئێران لەسەر کار بێت کوردستان بەردەوام بەرەو کاولکاری دەڕوات. لەو پەیامەدا باس لەوە کراوە، کاربەدەستانی ڕێژیمی ئێران دێوەزمەی مەرگ و نەمانن کە تەنیا بۆ مەرگ پەروەردە کراون.

مامۆستا «شیوەسەڵی» باسی لەوە کردووە، عاشقانی ڕاستەقینەی ژینگەی وڵاتی ئێمە کاک «یاسین کەریمی»، کاک «بیلال ئەمینی» و کاک «موختار خەندانی»، وەک هێژاترین دیاری ڕۆحی خۆیان پێشکەشی ژینگەی ئێمە کرد. مامۆستا «شێوەسەڵی» لە پەیامەکەیدا سەرەخۆشی لە بنەماڵەی شەهیدانی ژینگەی کرد و خۆی بە شەریکی خەمیان زانی.

## ڕاگەیەندراوی لێژنەی بەڕێوەبەریی ڕێوڕەسمی یادی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکرات

لێژنەی بەڕێوەبەریی ڕێوڕەسمی یادی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕوو لە خامەبەدەست و نووسەرانی کوردستان ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە بەم چەشنەیە:

نووسەران، خاوەن قەڵەم و خامەبەدەستانی کوردستان!

لە ڕێگەی ئەم ڕاگەیەندراوەوە هەموو لایەک ئاگادار دەکەینەوە کە لێژنەی بەڕێوەبەریی یادی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکرات بۆ هەرچی زیاتر بە شکۆ بەڕێوەبردنی ئەم یادە مەزنە، داوا لە ئێوەی ئازیز دەکات هەتا بە نووسینی بابەت لە ڕەهەندە جۆربەجۆرە سیاسی، مێژوویی، فەرهەنگی، فەلسەفی، ئەدەبی و... خەباتی ئەم حیزبە کە بەشێکی جیانەکراوە لە شانازییەکانی گەلی کوردە و بە بەشێک لە سامانی نەتەوەیی کورد دێتە ئەژمار، هەنگاوێکی تر بۆ زیاتر ناساندنی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات هەڵبهێنێتەوە.

داواکارین بە سەرنجدان بە مێژووی پڕ لە هەوراز و نشێوی حیزب، بابەت و نووسراوەکانتان بۆ ئەم ئادرەسانەی خوارەوە بەرێ بکەن کە دواتر بە گوێرەی پێویستی و ئیمکانی بەردەست لە بەشەکانی دەزگای ڕاگەیاندنی گشتیی حیزب، لەوانەش ماڵپەڕی فەرمیی حیزبی دێموکرات و ڕۆژنامەی «کوردستان»دا بڵاو دەکرێتەوە.

yadikurdistan@gmail.com
info@kurdistanmedia.com

بۆ زانیاریی زیاتریش دەتوانن پێوەندی بەم ژمارانەوە بکەن:
٠٠٩٦٤٧٥١١٣١٠٧٦١

## درێژەی پەیف

نەماوە و ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهی لە کەربەلادا دەستی باڵای هەیە، ڕێگای قودسیان لێ پێچەوانە بۆتەوە.

گەر سەردەمێك سوپای پاسداران و ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهی بە ڕێگای کەربەلا- دەمشقدا دیهەویست بە قودس بگا، ئێستە فڕۆکەکانی ئیسراییلن کە لە ئورشەلیمەوە بەرەو سووریە دێن و بە عێراقدا تێدەپەڕن و تەنانەت لەم دواییانەشدا دەگەنە تاران و بەو ڕێگایەدا هەرچی هێزی سوپای پاسداران و بەکرێگیراوی ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهییە بۆردومانی دەکەن و جەمارانیش بێدەنگە و سەری شۆڕ کردووە و هیچ ناڵێ!

لەم چەند ساڵەی دواییدا، بەسەدان جار فڕۆکەکانی ئیسراییل لە نێو سووریەدا هێزەکانی سوپای پاسداران و میلیشیاکانی سەر بە ڕێژیمی ئێرانیان بۆردومان کرد و بە دەیان فەرماندەی سوپا و بە سەدان پاسداری تێرۆریستان لێ کوشتن و هەزاران تۆن مووشەك و جبەخانەیان لێ تەقاندنەوە و دەنگێك لە سوپای پاسداران و ڕێبەری ڕێژیمەکەیانەوە دەرنەهات.

ئێستە بە ڕێگای ئورشەلیمدا، فڕۆکەکانی ئیسراییلی دێن و دەیان تۆن بەڵگە و ئارشیوی بەرنامە ناوکییەکانی ڕێژیمی تاران دەبەن و خامنەیی بەوپەڕی سەرشۆڕییەوە هیچ ناڵێ. هەر هەمان فڕۆکەکانی ئورشەلیم دێنە تاران و بنکەی پارچین بۆردومان دەکەن و دەچنە نەتەنز و دەسکەوتی چەندین ساڵەی ڕێژیم دەکەن بە دووکەڵ؛ فەرماندە هارەکانی سوپای پاسداران و وەلیی فەقیهی ترسەنۆکی ئێران بەوپەڕی سەرشۆڕییەوە دەڵێن دەزانین چی ڕووی داوە و هیچ ناڵێین!

سەدان کەس لە لاوان و تێکۆشەرانی نەتەوەکانی ئێرانیان تیرباران کرد بە تاوانی درۆینەی سیخوڕی و هاودەنگی لەگەڵ سەهیۆنیزم؛ بەڵام کە فڕۆکە سەهیۆنیستییەکان! دێنە نێوەڕاستی ئێران، خامنەیی و فەرماندە ترسەنۆکەکانی سوپای پاسداران تەنیا سەرشۆڕییان بۆ دەمێنێتەوە و ترسێکی کوشندە دایان دەگرێ کە نەکا ئەو فڕۆکانە جەمارانیش بکا بە خۆڵەمێش! هەموو دیکتاتۆرەکانی جیهان ترسەنۆکن و تەنیا بۆ بێدەسەڵاتەکان ئازان و بە کوشتاریان گرێی دەروونییان بەتاڵ دەکەنەوە!

# ئەوەی لە قاسملووەوە ماوەتەوە



شەماڵ تەرغیبی

ڕەنگە دوور لە لۆژیک نەبێ گەر بڵێین یەکێک لەو پارامێترانەی کە بۆ هەڵسەنگاندنی حیزبێکی سیاسی یان ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕی لە حاڵی خەباتدا یان ڕەوتێکی فکری باو لە نێو ڕێکخراوەیەکدا لەبەرچاو دەگیرێ و دەکرێتە پێوانەیەک بۆ چاودێران و مێژوونووسان، سیاسەت و لێدوان و ئاکاری سیاسی ڕێبەرانی ئەو حیزبە سیاسییە بێت. لە نێو گەلی کوردیشدا و بەتایبەت لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا کە خەباتەکەی بۆ ئازادی ساڵانێکی دوورودرێژە دۆم دەکا، کەسایەتییەکی وەک شەهید د.قاسملوو یەکێکە لەو ڕێبەرە بەباندۆڕانەی کە شێوازی سیاسەت کردن و ئاکارە سیاسییەکانی بۆ نەسڵی دوای خۆی جێگەی پرسیار و لە هەمان کاتیشدا لێفێربوونە.

بۆیە لێرەدا ئەم پرسیارە زۆر بە لۆژیکی دێتە بەرچاو کە بپرسین: قاسملوو چی بۆ دوای خۆی بەجێ هێشت؟ یان بە دیوێکیتریدا میراتی سیاسی قاسملوو چییە کە دەوترێ «قاسملوو لە ڕێبازیدا زیندووە»!؟

پڕئاشکرایە کە د.قاسملوو هەم لە کاتی ژیانیدا و هەم پاش مەرگی، بە شێوەیەکی بەرچاو باندۆری لەسەر نەتەوەی کورد و بەتایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران داناوە و میراتێکی دەوڵەمەندی لەدوای خۆی بەجێ هێشتووە؛ بەڵام پێش لەوەیکە بپرژێینە سەر ئەم بابەتە دەبێ ئەوە بزانین کە کەسایەتی د. قاسملوو وەك ڕێبەرێکی سیاسی لەنێوان دوو کولتووردا شکڵی گرت: «کولتوورێکی ڕۆژهەڵاتی و کولتوورێکی ڕۆژئاوایی»؛ بەو واتایە کە لە هەرەتی لاویەتیدا، لە نێوان چەندین پانتایی و فەزای جۆراوجۆری جوغرافیایی، کولتووری و سیاسیدا بەردەوام هاتوچۆی دەکرد. جیا لەمەش بەو هۆیەوە کە دایکی مەسیحیی ئاسووری بووە و باوکی کوردی موسوڵمان، هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ زمانەکانی کوردی، ئازەری و فارسی ئاشنایەتی تەواو پەیدا دەکا و دواتریش، پاش ئەوەی بۆ خوێندن ڕووی کردە ئورووپا، چەندین زمانی دیکە فێر بوو.

هەر ئەمەش بووە مایەی بەرفراوانبوونەوەی جیهانبینییەکانی د.قاسملوو و بەرینبوونی سنووری جیهانێک کە د.قاسملوو تێیدا دەژیا.

ئەگەر لە باسەکەمان دوور نەکەوینەوە دەتوانین بڵێین بە هۆی هەڵکەوتنی کوردستانی ڕۆژهەڵات وەک ژینگەی سیاسی شەهید قاسملوو لە ئێراندا، قاسملوو لە سەرەتای ژیانیەوە لەگەڵ دوو کولتووری سیاسی ئاشنا دەبێ: «کولتووری سیاسیی کوردی و کولتووری سیاسیی فارسی».

دواتر کە دەگاتە ئورووپا، لە گەڵ دوو کولتووری جیاوازتر ئاشنا دەبێت کە بریتین لە: «کولتووری سیاسیی ڕۆژئاوای ئورووپا (واتە لیبراڵ دێموکراسی) و کولتووری سیاسیی ڕۆژهەڵاتی ئورووپا (واتە سۆسیالیزم)». لێرەدا ڕەنگە ئەو پرسیارە درووست بێت کە کەم نەبوون ئەو کەسایەتییانە کە ژیانیان هاوشێوەی شەهید قاسملوو بوو کەواتە بۆچی ئەوان نەیانتوانی بگەنە ئەو پێگە مەعنەوییەی کە د.قاسملوو پێی گەیشت؟ کە ڕەنگە گونجاوترین وڵام بۆ پرسیارێکی لەو چەشنە ئەوە بێت کە قاسملوو سەرەڕای ئاشنابوونی لەگەڵ ئەو هەموو جیاوازییە زمانی، کولتووری، سیاسی و ئیدئۆلۆژیکییانە، هەرگیز کوردستانی بەجێ نەهێشت و ئەگەرچی بە جەستە لە کوردستان دوور بوو بەڵام بە فکر و بە ڕۆح هەر دەم لە کوردستان بوو و کلتووری نەتەوەکەی خۆی بە کەمتر لەوانی دیکە نەدەبینی و بەپێچەوانەوە هەوڵی ئاشناکردنی کەسانی دۆڕاویشی دەدا لەمەڕ ناسینەوەی «خود» کە ئەمە دەکرێ وەک ڕەمزی سەرکەوتنیشی بەئەژمار بهێندرێت.

لەلایەکی دیکەشەوە قاسملوو میراتگری حیزبێکی سیاسی بوو کە لە کاتی دامەزراندنیدا، وەرچەرخانێکی مێژوویی لە کولتووری سیاسیی کوردەواریدا هێنابووە گۆڕێ؛ حیزبێکی سیاسی کە توانی کەڵك لە هەلومەرجی نێودەوڵەتی لە سەروبەندی شەڕی دووهەمی جیهانیدا وەرگرێت و کۆماری کوردستان دامەزرێنێت کە بۆخۆی بووە هۆی بنیاتنانی کولتوورێکی نوێی سیاسی لە کوردستاندا.

بێگومان ئەگەر بمانهەوێ ڕیشەی فکری سیاسی د.قاسملوو لێک بدەینەوە ناتوانین نەخش و دەوری پێشەوا لە بیر بکەین؛ قازی محەممەد کە بێ‌شک یەکێک لە ئێلیتەکانی زەینیی د.قاسملوو بوو، توانی بە دامەزراندنی حیزبی دێموکرات هاوسەنگییەکی بەرهەست لە نێوان ناسیۆنالیزمی کورد، ئازادی، یەکسانیی نێوان ژن و پیاو و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی ڕابگرێت؛ بە واتایەك، حیزبی دێموکرات توانی خۆی لە ئیدئۆلۆژیی باوی ئەودەم، دیکتاتۆرییەت لە ئێران و کۆمونیزمی یەکیەتیی سۆڤییەت، دوور ڕابگرێت و نموونەیەکی بەرهەستتری هاوتەراز و گونجاو لەگەڵ کلتووری کوردستان بدات بە دەستەوە.

ئەمانەش ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر ئەندێشە پێشکەوتنخوازانەکانی د.قاسملوو دانا کە ڕەنگدانەوەی ئەم ڕاستییەش لە دوو قۆناغدا بەرجەستە بوویەوە؛ کاتێك کە حیزبی دێموکرات دەکەوێتە ژێر نفوزی حیزبی تودە و دواتر بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردستانی عێراق، هەست بەو مەترسییە دەکرا کە حیزبی دێموکرات ناسنامەی خۆی لەدەست بدات بەڵام لە هەر دوو قۆناغەکەدا، قاسملوو دەوری سەرەکیی هەبوو لە پاراستنی ناسنامە و مسۆگەرکردنی سەربەخۆیی ئەو حیزبەدا و گەڕاندنەوەیان بۆ ڕێچکە و ڕێبازی ڕاستەقینەی خۆی کە بێ‌شک ئەمە لە ئایدیا و فکری دامەزرێنەری حیزبەوە سەرچاوەی دەگرت.

خاڵێکی جێگەی سەرنج کە مرۆڤ ناتوانێ سەبارەت بە کەسایەتی د.قاسملوو باسی نەکات شوێندانەرییە مێژووییەکانی ناوبراوە کە سەرچاوەگرتوو لە تیژبینی و دووربینی ئەوەوە سەرچاوەیان گرتبوو؛ لە کاتێکدا کە بەشێکی بەرچاو لە دانیشتووانی ئێران لە ڕێفراندۆمی ساڵی ١٩٧٩ دەنگیان دا بۆ کۆماری ئیسلامی، نەتەوەی کورد لە ئێران بە ڕێنوێنیی حیزبی دێموکرات و شەخسی دوکتور قاسملوو ئەو ڕێفراندۆمەیان بایکۆت کرد کە هەنووکەش پاش زیاتر لە ٤٠ ساڵ یەکێکە لە شانازییەکانی گەلەکەمان. لە هەمان کاتیشدا د.قاسملوو سەرباری ئەوەیکە خوێندنەوەیەکی درووست و پراگماتیستییانەی بۆ شێوەڕوانینی ناوەند بۆ سەر کوردستان هەبوو و بەباشی دەیزانی کە ڕێژیم بە چاوی کۆلۆنییەوە سەیری کوردستان و خەڵک و خاکەکەی دەکات بەڵام دیسانیش نەیدەتوانی خۆی لە پێبەندییە ئەخلاقییەکان بشارێتەوە بۆیە دەبینین کە فەرهەنگی هەڵسوکەوتی درووست لەگەڵ دیلی شەڕی هەموو کات لەبەرچاو دەگرت و ئەمەی وەک وانەیەک بۆ نەسڵی دوای خۆیشی بەجێ هێشت بۆیە دوکتور قاسملوو هەردەم پێداگریی لەسەر ئەوە دەکرد کە پێشمەرگە نابێ دیلی شەڕ ئێعدام بکەن کە لێرەدا دەتوانین بە فلاش بەکێک بگەینەوە بەو خاڵە گرینگەی کە سنووری جیهانبینییە سیاسییەکان قاسملوو لە کەسانی دیکە زۆر بەرینتر بووە بۆیە وەک میراتێک بۆ نەسڵەکانی پاش خۆی ماوەتەوە و هەنووکە بووەتە بەشێک لە کلتووری سیاسی ئێمەی کورد.

بۆ سەلماندنی ئەم وتەیەش دەتوانین ئاماژە بە خاڵی کۆتایی لە سیمای دێموکراتدا بکەین کە لە کۆنگرەی چوارەمی حیزب د.قاسملوو هێنایە بەرباس و بوو بە مێتۆدی خەباتی گەلی کورد؛ ئەویش بریتییە لەوەیکە «دێموکرات بەشەردۆستە و دۆستایەتی نێوان ئینسانەکان بە بێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەز و مەزهەب، بایەخێکی زۆر دەدا و هەر چەشنە ڕەگەزپەرەستی و فاشیزم و مەزنیخوازییەك مەحکووم دەکا. »

خاڵێکی گرینگی دیکە کە لێرەدا دەبێ ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە کە د.قاسملوو تا دواساتەکانی ژیانی لەسەر ئەو ڕاستییە پێداگر بووە و قورس و قایم ڕاوەستاوە کە دەبێ وەک ڕێبەرێک ئامادە نەبێ مافەکانی کورد فەرامۆش بکات و لەسەر ئەو ئوسول و پڕەنسیپانەی کە خەباتی بۆ کردووە پێداگر بێت و تەنانەت گیانی خۆیشی لەسەر دابنێت.

ئەوەی کە دوکتور قاسملوو هەوڵی داوە لەنێو خەباتی نەتەوەکەیدا بیهێنێتە ئاراوە و لەڕاستیدا هەم نەتەوەکەی لەو چوارچێوەیەدا پێبگەیەنێت و هەم حیزبەکەی پێ گۆش بکات لە سیمای دێموکراتدا بەتەواوی بەرچاوە کاتێک کە دەڵێ: «دێموکرات بۆ وەلانانی ستەمی نەتەوایەتی خەبات دەکا. دابینکردنی ئەم ئامانجە بۆ گەلی کورد لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بە شێوەی «خودموختاری» دەبینێ.» لە هەمان ڕاستاشدا بۆ ئەوەی ڕێگری بکات لە بەلاڕێداچوونی جەوهەری پەیامەکە دەڵێ: « دێموکرات ناسیونالیستی بەرچاوتەنگ نییە و بۆ دۆستایەتی نێوان گەلانی ئێران ڕێز دادەنێ و مافی هەموو گەلانی لەلا بەڕێزە.» ئەمە ئەو کەتوارەیە یا باشترە بڵێین یەکێکی دیکەیە لەو میراتانەیە کە قاسملووی مەزن بۆمانی بەجێ هێشتووە.

میراتێک کە پێویستە زیاتر هەڵوەستەی لەسەر بکەین و بڵێین: د.قاسملوو بەردەوام هەوڵی داوە هەم هاوسەنگەرانی و هەم خەڵکی کوردستان لە سەر ئەو ڕێبازە بار بهێنێت کە پێداگری لەسەر ئازادی و دادپەروەری و هاوپێوەندیی نێوان ئینسانەکان بکەن، مەبەستی ئەو گەیشتن بە جیهانێکی لێوانلێو لە ئاشتی بوو، ئاشتییەك کە تێیدا ئازادیی ئینسانەکان وەدی بێت، ئاشتییەك کە تێیدا بەرابەریی نێوان ئینسانەکان وەدی بێت و ئاشتییەك کە تێیدا هاوپێوەندیی نێوان ئینسانەکان بێت. ئازادی بەو مانایە کە ئینسان لەسەر بیروباوەڕی، لەسەر دەربڕینی ڕای خۆی، لەسەر گەیشتن بە مەبەستەکانی، ئازاد بێت چۆن بیر بکاتەوە، کە چۆن ئامانجەکانی دەستنیشان بکات.

بەرابەریش بەو مانایە کە ئەرزشی یەکسان بۆ ئینسانەکان دابنێت. بەرابەری بەو مانایە نا کە جیاوازیی نێوان مرۆڤەکان بسڕێتەوە، سڕینەوەی جیاوازییەکان و حاشاکردن لە جیاوازییەکان، ئیدئۆلۆژییەکی فاشیستییە، بەڵام دوکتور قاسملوو باوەڕی بە بەرابەری هەبوو بەو مانایە کە لە نێوان ئینسانەکان ئەرزشی بەرابەر دابنێت بۆ ئەوەیکە مرۆڤەکان بتوانن گەشە بە جیاوازییەکان، بەهرەکان و تواناییەکانی خۆیان بدەن؛ بۆیە ڕاشکاوانە دەڵێت: «تەنیا نان بۆ ژیانی شایستەی ئینسانەکان بەس نییە، بەڵکوو دەبێت ئازادیشی لەگەڵ بێت، بۆیە ئێمە بۆ ئازادی خەبات دەکەین.

بۆ ڕوونبوونەوەی زیاتریش دەڵێ: «باشە ئەگەر خەڵك نەچەوسێنرێتەوە، نانی هەبێت، بە زمانی خۆی بخوێنێت، بەڵام ئازادیی نەبێت تاکوو بەو زمانەی خۆی نەزەری خۆی لە سەر وەزعی وڵاتەکەی دەرببڕێت، مانای ئەوەیە ستەمێك ماوە، ئەویش ستەمی سیاسییە، حیزبی ئێمە خەبات دەکات بۆ ئەوەی کە ئەو ستەمە سیاسییەش نەمێنیت».

هەر سەبارەت بەم میراتە گرانمایە کە قاسملووی ڕێبەر بۆمانی بەجێ هێشتووە دەبێ بڵێین ئەو باوەڕی بە ئازادی تەواو لە دوو بواردا هەبوو، ئازادی لە بواری تاك و ئازادی لە بواری کۆمەڵ؛ ئەو پێی وابوو ناکرێ تەنیا ئازادییە تاکەکەسییەکان دابین بکرێن و واز لە ئازادییە گشتییەکان بهێنین.

مرۆڤایەتی دەبێت لە خەبات بۆ بەدەستەوەگرتنی ئازادی بەردەوام بێت و جیهانێك بێنێتە ئاراوە کە هیچ تاك و چین و ڕەگەز و ئایین و نژادێك نەبێتە کۆیلەی ئەوی تر. بۆیە لە «سیای دێموکرات»دا دەڵێ: «دێموکرات لایەنگری بەرابەریی تەواوی مافی ژنان و پیاوان لە کۆمەڵ و لە نێو خێزانە».

ئەوانە بەشێکن لەو وانە گرینگانەی کە دوکتور قاسملوو بەردەوام وتوویەتەوە و لە دوای نەمانی جەستەیی خۆیشی لە گوێی هەمووماندا دەزرینگێتەوە. باوەڕی د.قاسملوو بۆ بەرابەری و یەکسانی بریتی بوو لەوەیکە هەموو مرۆڤەکان لە یەک ئاستدان و هاوتای یەکترن کەواتە دەبێ هەلی هاوتایان بۆ گەشەپێدانی بوون و ژیانی خۆیان بۆ برەخسێت. یەکسانییە کولتووری، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان بنەمای پاراستنی جیاوازیی تاکەکان و پێشکەوتنی کۆمەڵگایە کەواتە ئازادی و بەرابەری لێک جیا ناکرێنەوە و بەپێچەوانەوە بەرابەری لە هەل و دەرفەتەکاندا مەرجی سەرەکی دەبن بۆ پێشکەوتنی تاکەکان و مانابەخشین بە ئازادیی مرۆڤ.

بەگشتی و لە کۆتاییدا دەتوانین بێژین ڕاستە کە قاسملوو لە مێژ ساڵە لە نێو گەلی کورد و حیزبی دێموکراتدا نەماوە بەڵام ئەو کەتوارەش حاشای لێ ناکرێ کە شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە تەنیا تیرۆرکردنی ڕێبەرێکی کورد نەبووە، بەڵکوو هەوڵێك بوو بۆ لەنێوبردنی نەتەوەیەك و ناسنامەی کولتووری و سیاسیی ئەو نەتەوەیە. تیرۆرکردنی قاسملوو هەوڵێك بوو بۆ تیرۆرکردنی مەعنەویی نەتەوەی کورد و سڕینەوەی ئەو میراتە دەوڵەمەندە کە قاسملوو سەرکەوتووانە پاراستبووی. تیرۆرکردنی دوکتور شەرەفکەندیش کە پارێزەری بەحەقی میراتەکانی قاسملوو بوو، هەوڵێکی دیکەی دزێو و ناجوامێرانەی کۆماری ئیسلامی بۆ سڕینەوەی میراتی قاسملوو بوو.

بۆیە دەتوانین وەک دواوتە بڵێین ڕاستە کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد پاش ئەو تیرۆرانە لاواز بووە، بەڵام میراتی قاسملوو دەوڵەمەند و زیندووە.

ئەورۆ بە میلیۆنان کەس لە ڕێبواران و ئۆگرانی ڕێبازی قاسملوو لە کوردستاندا سنووری زمان و جیهانبینیان وەکوو سنووری زمان و جیهانبینیی قاسملوو بەرینە و ئەمەش ڕەمزی مانەوە و بەردەوامی کوردە لە شۆڕش و بەرخودان کە ئەویش میراتێکی تری قاسملووی مەزنە.

# کاتێک هونەر دەچێتە خزمەتی دەربار هونەرمەندیش دەبێتە دەرباری






**قادر ئەلیاسی**

هونەر وەک خۆی بە یەک واتای تایبەت و تەنیا پێناسە ناکرێ بەڵکوو دەکرێ بە دەیان جۆر لێک بدرێتەوە و شی بکرێتەوە. وتراوە: هونەر ئاوێنەی باڵانوێنی ژیانی خەڵکە.

هونەر دەربڕی مەبەستێکی هونەرییە وەک تابلۆی دیمەنێک یان ڕوخساری بوونەوەرێکی سەرنجڕاکێش، هونەر ئەوەیە لە ناخی مرۆڤدایە و دوایی دەبێتە شتێک؛ وەک شێعر، پەخشان، میلۆدی، گۆرانی و زۆر شتی دیکە. هونەرمەند ئەو کەسەیە کە هونەرێک لەو هونەرانە یان چەند شێوە هونەر دێنێتە بەرهەم.

لە دیاریکردنی ئامانجی هونەرمەند بۆ ئەم داهێنانە بە لایەکدا، جیاوازی نێوان هونەری گەلی و هونەری دەرباری دەردەکەوێ. ئەگەر هونەرمەند بەرهەمە هونەرییەکەی بۆ گەشەپێدان بە ژیانی گەلەکەی تەرخان بکا، ئەو هونەرە دەچێتە خانەی هونەری گەلی. بۆ دەستنیشانکردنی هونەری گەلی دەتوانین ئاماژە بە دوو سەردەم لە ژیانی ئەو گەلە بکەین:

١. ئەوکاتەی ئەو گەلە لە قۆناغی بەرەو ڕزگاریدایە و هێشتا نەیتوانیوە خۆی لە بندەستی ڕزگار بکا. بۆ نموونە، ژیانی ئێستای نەتەوەی کوردە لە سێ پارچەی باکوور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا. ئەرکی هونەر لەو ساتەوەختەدا بەرگری کردنە لە مانەوەی ئەو گەلە. دەبێ وره ببەخشێ بە تاکەکانی کۆمەڵ تا بە هەستانەوە و ڕاسانەوەی دووبارە، بەگژ ناهەمواری و کەندوکۆسپەکانی سەر ڕێگای خەباتدا بچنەوە.

٢. ئەوکاتەی گەل لە بندەستی ڕزگاری بووە و هونەر لە قۆناغ و سەردەمی بنیاتنانەوەی ژیانی گەلدایە (ئێستای هەرێمی کوردستان).

لەو کاتەدا، هونەرمەند بە کۆکردنەوە و گەڕاندنەوەی سامانە دزراوەکان و وەسەریەکخستنەوەی ئەو سامانە کۆکراوانە، دەتوانێ ڕۆڵی گەلی بگێڕێ. لە سەردەمی ڕزگاری و لە دوای ڕزگاری، هونەرمەند پێشمەرگەی سەنگەری هونەرە و بە هونەرەکەی، داکۆکی لە مان و سەرلەنوێ ژیانەوەی نەتەوەکەی دەکا.

هونەرمەندی ئەم قۆناغە لە بواری مووزیک و گۆرانی، شێعر و پەخشان، شانۆ و دراما، پەیکەرتاشی و تابلۆ و وێنەکێشان، بەناوی ئاشکرا یان نهێنی بەرهەمی هونەرییان داهێناوە و بەو بەرهەمە هونەرییانە بە گژ دەسەڵاتی داگیرکەردا چوونەتەوە. دوای کورتکردنی دەستی داگیرکەر لە سەر وڵاتی کوردان بە هونەر و داهێنانی نوێ، لە سەقامگیرکردنی دەسەڵات و چەسپاندنی پرۆسەی باوەڕبەخۆبووندا ڕۆڵ و نەخشی سەرەکییان نواندووە.

لە بەرامبەر ئەم هونەرە و هونەرمەندە گەلی و ئازادیخوازەکاندا، کۆمەڵێک کەسی دیکە کە خاوەنی داهێنانن، دەکەونە بەرەی پێچەوانە و دەبنە لەشکری داگیرکەر. ئەگەرچی هونەریان هەیە و ناویان هونەرمەندە، بەڵام لەبەر هەڵوێستەکەیان هونەرەکەیان دەچێتە خزمەتی دەربار و خۆیان دەبن بە هونەرمەندی دەرباری.

ئەگەر بمانهەوێ سەیری بەرهەمی هونەری هونەرمەندانی کورد بەگشتی و هونەرمەندانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بەتایبەتی بکەین، هونەرمەندانی هەر دوو بەرەکە بە ئاشکرا دەردەکەون. بۆوێنە لە بەرەی گەل، هونەرمەندان ناسر ڕەزازی، نەجمەی غوڵامی، میکائیل جیهانمەیهەن، مەرزیە، کاڵێ ئاتەشین، تاهیر خەلیلی و دواتر قادر ئەلیاسی لەو دەنگانەن کە جگە لە سروود و گۆرانی شۆڕشگێڕانە، بە پۆشینی بەرگی پێشمەرگانە و هەڵبژاردنی ژیانی سەخت بەڵام پڕ لە شانازی دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وەستاون. ژمارەیەک هونەرمەندیش لە وڵات مانەوە و بۆ ماوەیەک بێدەنگ بوون بەڵام نەچوونە ژێرباری ڕێژیم. لەوانە مامۆستایان محەممەد ماملێ، عەزیز شاهرۆخ، قادر سەیاحی و عەلا باباشەهابی. بێگومان لە بواری شێعر و مووزیک و هونەرەکانی تردا، زۆر کەس بە هەڵوێستی سەربەرزانەیان وەک هاودەنگی لەگەڵ شاخ و شار، ڕاست قامەت خۆیان ڕاگرت و بە گەل و خاکی کوردستان وەفادار مانەوە.

ئەوانەی کەوتنە بەرەی دەسەڵات و بوون بە پەسنبێژی ڕێژیم، زۆر نەبوون، بەڵام خاوەنی ڕابردوو بوون. ئەوان بە تۆمارکردنی سروود و ئاوازی دڵخوازی دەسەڵاتی ئاخوندی، یارمەتییەکی بەرچاوی ڕێژیمیان دا. بیژەن کامکار، لە وتووێژێکدا بە ئاماژە بە گروپی کامکاران لەگەڵ هونەرمەندانی نەتەوەی دیکە و دەرکەوتنیان لە خۆپیشاندانەکانی سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران لە دژی ڕێژیمی پاشایەتی بەگشتی و ١٧ی خەرمانانی١٣٥٧ی هەتاوی بەتایبەتی، ڕێگە بۆ بابەتێک خۆش دەکا کە لەودا خۆی و گروپەکەی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و خومەینی گرێ دەداتەوە. ناوبراو بە ژماردنی دەیان سروود چ وەک مووزیکژەن لەگەڵ شەجەریان و چ وەک دەنگبێژ کارنامەی خۆی لە پێوەندی لەگەڵ ڕێژیمی ئاخوندی بەرەو پێدەدا و سەبارەت بە سروودی «کجایید ای شهیدان خدایی، لە کوێن ئەی شەهیدانی خودایی» دەڵێ: «یەکێک لە دۆستانی نزیکی ئیمام خومەینی، بۆی گێڕامەوە کە ئیمام دەنگی منی پێ خۆش بووە. ئەم هەواڵە بۆ من زۆر دڵخۆشکەر بوو. کەسێکی گەورەی وەک ئیمام خومەینی کە دنیای ئیسلامی وەلەرزە خست، گوێ لە دەنگی من دەگرێ!! ئەمە شانازییەکی کەم نییە.»

ئەم سروودە کە شێعری مەولانای بەڵخییە* و ئاوازەکەی هووشەنگ کامکار دایناوە، لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی تۆمار کراوە. ناوەرۆکی هەڵبەستەکە باسی دەشتی کەربەلا و ئەو هێما و چەمکانە دەکا کە خومەینی و جێگرەوەکانی هەر لە سەرەتای هاتنە سەر دەسەڵاتیان، کردبوویان بە بنێشتە خۆشە. «بیژەن»ی بە زمان و نەتەوە و بنەماڵە کورد لە کاتێکدا شانازی بە خومەینی وەک گوێگرێکی هونەرەکەی دەکا، دەشزانێ بەهاری ئەو ساڵە دەسەڵاتە تازە دامەزراوەکەی خومەینی شاری سنەی زێدی بیژەنی وێڕای دەیان شار و لادێی دیکەی کوردستانی نوقمی خوێن کرد. هەر ئەو دەسەڵاتە بوو کە لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاوی بە فەرمانی جەللادی جەماران فەرمانی جیهادی دژی گەلی کورد دابوو.

بیژەن لە درێژەی ئەو سروودەدا کە وەک کەرەستەیەکی دەستی ڕێژیم تەنووری شەڕی ٨ ساڵە و شەڕ دژی کوردستانی پێ گەرم ڕاگرت، بە ئاماژە بە ناوەرۆک و ئاوازی سروودەکە دەڵێ: « لەگەڵ ئەوەی ئەو سروودە پێش لە شەڕی ئێران و عێراق تۆمار کرابوو، بەڵام ڕۆژانی شەڕیش وەک یەکێک لە سروودە بزوێنەرە حەماسییەکانی کۆماری ئیسلامی بەردەوام بڵاو دەکرایەوە.

کەسێکی تری بواری هونەر شارام نازری، کوردی شاری کرماشانە. ئەم هونەرمەندە کە دوای محەممەدڕەزا شەجەریان ناوێکی ناسراوە، لە سەرەتای شەڕی سەددام و خومەینی (١٣٥٩ی هەتاوی)، سروودی «کاروانی شەهید»ی تۆمار کرد. شێعری ئەم سروودە هی هووشەنگ ئیبتهاج و ئاوازی «محەممەدڕەزا لوتفی»یە**.

نازری بیانووی تۆمارکردنی ئەم سروودە گرێ دەدا بە کەسێکی نزیکی خۆی گوایە لە سەرەتای ئەو شەڕەدا کوژراوە و بووە بە هۆی بەرهەمهێنانی ئەو بەرهەمە. بەڵام کاروانی شەهیدی نازری تەنیا لاواندنەوەیەک نەبوو بۆ قوربانییەکی شەڕ، بەڵکوو کرا بە کەرەستەیەکی برەوپێدانی شەڕێکی دۆڕاو و بازاڕ گەرمکەری دەسەڵاتی ئاخوندی. دواتر شارام لە ماڵپەڕی شەبستان کە سەر بە ڕێژیمە، سەبارەت بەو سروودە وتەی پێشووی لەبیر دەچێتەوە و ئەو کارەی بە سیمبۆلی مووزیکی شەڕی پیرۆزی ٨ ساڵە لە قەڵەم دەدا.

ئەو دوو هونەرمەندە لەو سەردەمەدا لەوپەڕی بەناوبانگیدا بوون و هیچ پێویستییەکیان بە ڕێژیم نەبوو. لە لایەکی دیکەوە ئەوان بۆ خۆیان کورد بوون و بە ڕێژیمێک خزمەتیان دەکرد کە ڕۆژانە ئاگروئاسنی بەسەر کورددا دەباراند.

کوردێک کە نازری و کامکاری لە داوێنی خۆیدا پەروەردە کردبوو.

خاڵی بەرامبەری ئەم هەرزانفرۆشییە ئەو هونەرمەندانە بوون کە یان لە وڵات بوون و وەک کێو لەبەرامبەری ڕێژیمدا وەستابوون، یان چووبوونە شاخ و لە دوو مەتەرێزی هونەری و چەکداریدا، ببوون بە پێشمەرگە و شەڕی بەرگرییان دژی کۆماری ئیسلامی دەکرد. یەکێک لەو دەنگانەی لە پێشمەرگایەتیدا بەرگی سوورخەڵاتی پۆشی، جەماڵ موفتی بوو. ئەو سەرەتای دەرکەوتنی لە بواری هونەری دەنگبێژیدا بوو کە بەداخەوە بە جوانەمەرگی سەری نایەوە. میکائیل لە پێشمەرگایەتیدا بریندار بوو. ئەو برینە وای لێکرد، تەندروستی بۆ هەمیشە تێک بچێ.

بە بەراوردکردنی ئەم دوو بەرەیە لە پەنای یەکدا، دەبێ تاکەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمان و خەباتگێڕانی نێو ڕیزەکانی لایەنە سیاسییەکانی ئەم نەتەوەیە بزانن کێ ڕەنجی بۆ گەل داوە و کێ ڕەنجی گەلی هەرزانفرۆش کردووە! دڵنیام گەل ڕۆڵە بە وەفاکانی خۆی دەناسێ. بۆیە تاکەکانی گەلیش دەبێ جارێکی تر تەفرنجێکی هەڵوێستەکانی خۆیان بدەن و ئاو بە ئاشێکدا بکەن کە ئاسیاوی شۆڕشی کوردی پێ هەڵدەسووڕێ.

تێبینی:

دەقی هەڵبەستی هەر دوو سروودەکە لە خوارەوە بە زمانی فارسی بڵاو دەکەینەوە تا بزانرێ ناوەرۆکەکەیان چەندە لە ویست وخواستی ڕێژیم نزیکە:

*

کجایید ای شهیدان خدایی
بلاجویان دشت کربلایی
کجایید ای سبک بالان عاشق
پرندەتر ز مرغان هوایی
کجایید ای شهان آسمانی
بدانسته فلک را درگشایی
کجایید ای ز جان و جا رِهیده
کسی مر عقل را گوید کجایی
کجایید ای در زندان شکسته
بداده وام داران را رهایی
کجایید ای در مخزن گشاده
کجایید ای نوای بی‌نوایی
در آن بحرید کاین عالم کف او است
زمانی بیش دارید آشنایی
کف دریاست صورت‌های عالم
ز کف بگذر اگر اهل صفایی
دلم کف کرد کاین نقش سخن شد
بهل نقش و به دل رِو گر ز مایی
برآ ای شمس تبریزی ز مشرق
که اصل اصل اصل هر ضیایی

و

** متن شعر این آهنگ کاروان شهید به صورت زیر است:

می گذرد کاروان
روی گل ارغوان
قافله سالار آن
سرو شهید جوان
در غم این عاشقان
چشم فلک خون فشان
داغ جدایی به دل
آتش حسرت به جان
خورشیدی ، تابیدی ، ای شهید
در دل ها جاویدی ، ای شهید
می گرید در سوگت آسمان
می سوزد از داغت شمع جان
چون رِوید لاله از خاک تو
یاد آرم وضع جان پاک تو
بنگر چون شد ، دل ها خون شد زین آتش ها
از موج خون ، شد لاله گون دشت و صحرا
زین درد و غم گرید عالم ای شهید ما
از این ماتم خون می گریم
ای یاران ای یاران ، سوزم از داغ غمی
داغ ظلم و ستمی
خون هر جانباز می دهد آواز
جان فدای وطنم
خاک ایران کفنم

# سامانە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان



**جاقل**

بە منداڵەکانم بڵێن باوکتان بوێر بوو!

ئەمە دواوتەی ڕۆڵەیەکی ئەم نیشتمانەیە کە ئامادە بوو گیانی خۆی کە گرینگترین سەرمایەی ژیانیەتی بەختی ڕێگا و ڕێبازێک بکات کە باوەڕی پێی هەبوو؛ ڕێگا و ڕێبازی سەروەری و بەختیاری نەتەوە و نیشتمانەکەی.

شەهید موختار خەندانی هاوڕێ لەگەڵ هاوباوەڕانی واتە یاسین کەریمی و بیلال ئەمینی لەوپەڕی بێئیمکاناتیدا و تەنیا بە چەکی ئیمان بەو کارەی کە دەیکەن بەگژ ئاگری قینی نەیارانی گەل و نیشتمانەکەیاندا چوون تا ببنە قەقنەس و شەریفئاسا، شەرافەتی گەل و خاکەکەیان بپارێزن.

ساڵانێکە کورد لە کوردستانی ئێران شاهێدی تراژێدیای هاوشێوەی ڕووداوە دڵتەزێنەکەی بۆزین و مەرەخێڵە؛ هێشتا زامی شەهیدبوونی شەریف باجوەر و هاوڕێیانی لە مەریوان سارێژ نەببوو کە هەواڵی شەهیدبوونی پۆلێکی تر لە ژینگەپارێزانی کوردستان بڵاو کرایەوە و کوردستانی جارێکی تر خەمبار کرد.

چەند ڕۆڵەی بەئەمەگی کورد بۆ پاراستنی ژیان، ژیانی خۆیان کردە قوربانی.

ئەوان سووتان تا ژیان نەسووتێ؛ ئەمە لووتکەی هەڵوێستێکە کە دەرخەری لووتکەی مرۆڤبوونمان پیشان دەدات، هەر بۆیە کەسانی وا کە باوەڕیان بە سەروەری نیشتمانەکەیان هەیە و بۆخۆیان دەبنە زامنی سەرکەوتنی گەل، دەبنە چقڵی چاوی نەیار و دوژمنانی ئەو ئاو و خاکەش بەڵام لووتکەی شانازییەکیشیان بەنەسیب دەبێ؛ ئەویش لە ملکردنی مێداڵیای شەرەف و گەیشتن بە خاڵی شەهیدبوونە؛ بۆیە دەڵێین کەسانی وا گەورەترین سامانی نەتەوەیی و نیشتمانین کە بە مەرگیشیان ژیان دەنووسنەوە و دەبنە مایەی شکستی سیستمە داگیرکەرەکان و بە ناو و ناوبانگیان ڕێچکە و ڕێباز دەئافرێنن.

ئەو گیانبازییەی قارەمانانی گەل لە بۆزین و مەرەخێڵ کە بەرەوڕووی مەرگەوە چوون، تەنیا نموونەیەک لەو دەیان و سەدان سامانە نیشتمانییەن کە گەل دەبێ شانازییان پێوە بکات؛ نەک هەر شانازی بەڵکوو دەبێ بیانپارێزێ، چوونکە ئەوان لەڕاستیدا پارێزەری ژیان و مانی نەتەوەکەیانن. ئەوەیکە لەم ڕووداوانە بەرچاو دەکەوێ بوونی سیاسەتێکی کۆلۆنیالیستی و داگیرکەرانەی کۆماری ئیسلامییە لەژێر ناوی سیاسەتی «زەوی سووتاو» کە بەهۆیەوە دەوڵەتە داگیرکەرەکان بەهەموو توانایانەوە هەوڵی پاکتاوکردن و خاشەبڕکردنی سامانە مرۆیی، سرووشتی و ژینگەییەکانی هەرێمی بەکۆلۆنیکراو یان داگیرکراو دەدەن تاکوو لە غەیری خۆیان هیچ کەسێکی تر و بەتایبەت خاوەنانی ڕاستەقینەی، نەتوانن کەڵکی لێوەربگرن. سیاسەتێکی دوور لە ڕەوشتی ئینسانی کە پێشتریش نموونەکانی لە سەردەمی هیتلێر و سەدام حسێندا بینرا و تەنیا بێزراوی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەبەرامبەریاندا لێکەوتەوە و هیچی تر.

ئەم ستراتێژییە سەربازییە کە بەواتای لەنێوبردنی هەموو سەرچاوەکانی لایەنی بەرامبەرە، ئامانجەکەی نەهێشتنی هەموو جۆرە پۆتانسییەڵێکی ژیانە بۆ خەڵکی غەیرەنیزامی و هەرچەند بەپێی ماددەی ٥٤ی کۆنوانسیۆنی ژێنێڤ قەدەغە ڕاگەیەندراوە بەڵام لە سەدەی ٢١دا دەبینین کە دەسەڵاتی کۆلۆنی کۆماری ئیسلامی لەوپەڕی دڕندەییدا نەتەنیا بەزەیی بە ژینگەی کوردستاندا نایەتەوە و دەیسووتێنێ بەڵکوو داکۆکیکارانی ژینگەش لەنێو دەبات و خەم و پەژارەکان چەند قات دەکاتەوە.

وەک ئاماژەی پێکرا ئەمە تەنیا نموونەیەکی بچووکە لەو دەیان تاوانکارییەی کە ڕێژیم دەرحەق بە گەلی کورد و نیشتمانی کوردان ڕەچاوی کردووە؛

لە ڕابردوودا کەم نەبوون ئەو تاڵانکارییانەی کە ڕێژیم لەژێرناوی ئەمنیەتی میللی و بووژانەوەی ئابووری ئەنجامی داون؛

هەر لە سازکردنی نالۆژیکی بەنداوەوە بگرە تا دەگاتە ڕاگواستنی ئاو بۆ ناوچە کەویرییەکان و تێکدانی ژینگە بۆ سازکردنی سەکۆی مووشەکی و پیلانی سەربازی و هەروەها هەرزانفرۆشکردنی سامانە بانزەوینی و ژێرزەوینییەکان کە تازەترین نموونەی دەتوانێ فرۆشتنی تاڤگەی شەڵماشی سەردەشت لەلایەن شارەداری ئەم شارەوە بە چەند کەسێکی سەر بە ڕێژیم و هەڵلووشینی داهاتی گەشتیاری ئەم ناوچە بێت؛ یان فرۆشتنی دارستان و لێڕەوارەکانی سەردەشت لەلایەن ئەم بەناو نیهادە دەوڵەتییەوە بە کەسانی «خودی» کە چەند ساڵێکە دەستی پێکردووە و بە دوور لە چاوی ڕای گشتی، ڕێژیم و ناوەند و نیهادە ئەمنیەتی و سەربازییەکان سەرقاڵی تاڵانکردن و خۆشخزمەتی بە یەکترن بێ ئەوەیکە خاوەنە ڕاستەقینەکانی ئاگاداری بن.

هەر لەم چوارچێوەیەدا و بەپێی چەند ڕاپۆرتێکی مەیدانی دیکە، لەم دواییانەدا کە کاریگەری گەمارۆ ئابوورییەکان بووەتە هۆی دابەزینی فرۆشی نەوت بۆ کەمترین ئاستی خۆی و ئێران چیدی ناتوانێت تێچووی تەواو بۆ ئامانجە تێرۆریستییەکان و گۆبەندە بانیاساییەکانی خۆی دابین بکات، بەم هۆیەوە دەیهەوێت ئەو کەمیی بوودجەیە لە بواری سەرچاوە سرووشتییەکان و بە خاوفرۆشی قەرەبوو بکاتەوە و هەمووجارێک بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو کەمیی بوودجەیە کانگا ژێرزەوینییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەبنەوە ڕۆژەڤ.

شارستانی دیواندەرە کە بە یەکێک لە جەمسەرە گرینگەکانی ئاژەڵداری، وەرزێڕی و هەنگداری لە ئاستی کوردستان دەناسرێ و لە بواری سرووشت و ئاو و کانزاوە ناوچەیەکی بەپیت و دەوڵەمەندە لەلایەن سێکوچکەی مافیایی ئیدارەی «سەنعەت و مەعدەن»، «ئیتلاعات» و «سەرچاوە سرووشتییەکان» هەوڵی کاولکردن و تێکدانیان دراوە و بەناوی ڕەخساندنی هەلی کار سەرقاڵی هەڵکۆڵینی ناوچەکە و تێکدانی ژینگە و تاڵانکردنی سامانە سرووشتییەکانن.

کەتوارێکی تاڵ کە لێرەدا بوونی هەیە و ناکرێ چاوپۆشی لێ بکرێ ئەوەیە کە لە تەواوی ئەم جینایەتانەی کە دەرحەق بە خاک و خەڵکی کوردستان کراوە و دەکرێ، شوێنپێی هەندێ کەسی نەفسنزمیش دەبینرێ کە چاوساخی بۆ ڕێژیم و کاولکارانی نیشتمان دەکەن کە ئەمە ڕەنگە لووتکەی قەیرانەکە بێت کە کەس یان کەسانێک لەبەرامبەر وەرگرتنی بڕەپارەیەک یارمەتیدەری داگیرکەر بن بۆ خاپوورکردنی نیشتمان.

ئەمە ڕێکاوڕێک خاڵی بەرامبەر ئەو سامانە مرۆییەیە کە ئامادەن لەپێناو سەروەری نیشتمانەکەیان گیانی خۆیان بکەنە قوربانی و خۆیان ببنە بەشێک لە سامانە نەتەوەییەکان کە ڕوونە خزمەتکردن بە دوژمن لە کۆتاییدا تەنیا شەرمەزاری بۆ ئەوان ومنداڵەکانیان بەدواوە دەبێت و زوو یان درەنگ ئەوان وڵامی کردارە دژەنیشتمانییەکانیان لە ڕۆڵەکانی گەل وەردەگرنەوە.

---

**وێستگە**

## بەربەستەکان تەنیا بەهۆی ژن بوونەوە



**نووسین: هێمۆ**

ڕەنگە دەرک کردنی هەندێ لەو بابەتانە کە ڕۆژانە لە سۆشیاڵ میدیا و دەنگەبەرە جیاوازەکاندا سەبارەت بە ژیانی ژنان دەخرێنە ڕوو بە لای زۆر کەسەوە ببنە مایەی پێکەنین و بڵێن ئەم بە ڕواڵەت فێمێنیستانە هەموو شتێک بە دژی خۆیان دەبینن و دەیکەنە بیانوویەک بۆ شەڕ و دژایەتی لەگەڵ پیاوان و هەموو شتێک دەبەنە خانەی بیرۆکەی پیاوسالارییەوە. لە ڕاستیدا ئەگەر چاوێک لە بیاڤی کێشەکانی تایبەت بە ژنان بکەین دەبینین کە بە بێ زێدەبێژی زۆربەی کاتەکان لایەنی بەرانبەر پیاوانن بەڵام ئەمە بەو مانایە نیە کە هەموو کێشەکانی ژنان سەرچاوە گرتوو لە ڕەگەزی بەرانبەر واتە پیاوان بێت، بەڵکوو سەرنجدانێکی زۆر سادە و ساکار بە پێکهاتەی کۆمەڵگا و فاکتەرەکانی زاڵ بە سەر ئەو کۆمەڵگایەدا ئەوە دەردەخەن کە زۆربەی کێشە و ئاریشەکان کە بەرۆکی ژنانیان گرتووە لە کولتووری کۆمەڵگاکانەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەوەش بۆ خۆی ڕیشەی لە شێوازی بەڕێوەبەری و ئیدئۆلۆژیی زاڵ بە سەر ئەو کۆمەڵگایەدا هەیە. ژنان بەتایبەت لە کۆمەڵگا ئیدئۆلۆژیکەکاندا گەورەترین قوربانیانی دەستی ئیدئۆلۆژی و باوەڕە هەڵەکانی جێگرتوو لەو کۆمەڵگایەن و ڕەنگە ڕەگەزی نێرینە هیچکات نەتوانێ هەست بەو ئازارانە بکات کە ژنێک لە پێوەندییەکی ئاسایی کۆمەڵایەتیدا تووشی دەبێت و هەست بە نائەمنی لەو کۆمەڵگایەدا دەکات.

بۆچی ئیدئۆلۆژی؟

لە کۆمەڵگایەکی وەک کۆمەڵگای ئێراندا کە سیسستەمی ویلایەتی فەقیهی زاڵە بە سەریدا و هەموو ئاکار و کردەوەکانی تاک بە پێی ئەم چوارچێوەیە دیاری کراوە، سیستەمی ئیدئۆلۆژیک بە کەڵکئاوەژوو وەرگرتن لە ئایین و شەرع هەوڵ دەدات تاکوو هەموو جۆرە توندوتیژییەک بەرانبەر بە تاکەکان و بەتایبەت بە ژنان بە پاساوی دینی وڵام بداتەوە و ڕەوایی پێ ببەخشێت. بۆ نموونە، لە ئیسلامدا فرە ژنی پەسەندکراوە و ئاخوندەکانی ڕێژیمی ئێرانیش لەحاڵێکدا کە باش دەزانن ئەمە لەگەڵ ئەم دەوران و سەردەمەدا نایەتەوە و ستەمێکی ڕەگەزیشە کە بەرانبەر بە ئەم توێژە ڕوو ئەدات، ئاگایانە و تەنیا بۆ چێژوەرگرتنی زیاتر و بەکۆیلەکردنی ژنان لە خزمەت حەزەکانی خۆیاندا ئەنجامی دەدەن. کەوابوو ئەمە ئیدئۆلۆژیی زاڵ بە سەر کۆمەڵگایە کە ڕێوشوێنی ژیان بۆ ژنان دیاری دەکات و هەر بەپێی ئەم ئیدئۆلۆژییە ژنان لە زۆربەی هەرە زۆری مافە سەرەتاییەکانی خۆیان بێبەری دەبن تەنیا بەو تاوانەی کە ژنن! لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا سەرووتر لە یاسا بۆ کۆنترۆڵکردنی کاروباری وڵات و ڕێکوپێککردنی ئاکار و کردەوەکانی تاک بە مەبەستی بەڕێوەچوونی باشتری کۆمەڵگا نییە، بەڵام یاساکانی کۆمەڵگای ئیدئۆلۆژیک ڕێک بە پێچەوانەی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان هەر لە خزمەت بە ئیدئۆلۆژییەکەدا داڕێژراون، کە بە ڕوونی ئەم شتە لە کۆمەڵگای ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ئاخوندەکانی جەماراندا دەبینرێت. مافی بەشداری سیاسی، مافی خوێندن و کارکردنی یەکسان لەگەڵ پیاوان، مافی سەرپەرستی منداڵ، مافی جیابوونەوە، میرات، دیە، قساس و بە سەدان نموونەی دیکە لە یاساکانی کۆماری ئیسلامیدا هەن کە لە بنەڕەتدا دژە ژنن و ڕێک بەمەبەستی چەوساندنەوەی زیاتری ژنان و کەڵکئاوەژووی زیاتر لەم توێژە داڕێژراون. حەرام ناوبردنی پاسکیل سواری، قەدەغەکردنی بەستەنی خواردن، گۆرانی وتن، هونەرمەندبوون، سەماکردن و بە هەزاران بابەتی دیکە زەوتکردنی ئاشکرای مافی تاک و هاووڵاتی بەئەژمار دێت کە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا لە لایەن عەلی خامنەیی و ئاخوندەکانی دیکەی ڕێژیمەوە بە ئاشکرا باسی لێکراوە و فتوایان لە سەر داوە. کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوودا بە درووستکردنی بەربەست بۆ ژنان وزەی نیوەی کۆمەڵگای بۆ بەرزکردنەوەی دەنگی حەقبێژی کپ کردووە و بە هەڕەشە لە ژنان و سەپاندنی کولتوری هەڵە لە پێناو بەرنامەکانی خۆیدا هەمیشە ژنی وەک بوونەوەرێکی لاواز وەسف کردووە تاکوو هێزی خۆی تەنیا بۆ دژایەتی لەگەڵ نیوەی کۆمەڵگا واتە پیاوان بەکار بێنێت.

کلیشە ڕەگەزییەکانی بەکارهێنراو لە کتێبە دەرسییەکان و هەروەها میدیاکانی ئێراندا نموونەی زەق و بەرچاوی هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ دژایەتی لەگەڵ هێزی ژنانە، چونکە ئێستاش سەرەڕای هەموو بەربەستەکان ژنان لە سەنگەری پێشەوەی بەرخوداندان و لە سەر مافەکانیان وەدەنگ دێن کە سەلمێنەری ئەم وتەیەش زیندانی بوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە چالاکانی ژن لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدایە. لە پێناو شکاندنی بەربەستەکاندا ئەرکێکی قورس لە سەر شانی ژنانە و ئەوە خودی ژنانن کە بە بردنەسەرەوەی ئاستی ئاگایی کۆمەڵایەتی، سیاسی و فەرهەنگی دەتوانن لە پێناو بە دەستهێنانی مافەکانیاندا هەنگاو هەڵبگرن.

خوێندنەوەی زیاتر و تێگەیشتنی زیاتری ژنان لە هەوڵە ئیدئۆلۆژیکەکانی کۆماری ئیسلامی لە پێناو بە کۆیلەکردنی ژناندا دەتوانێ کاریگەرییەکی ئێجگاری زۆری لە سەر ژیانیان هەبێت. بۆ نموونە ئەگەر ژنان لە ئیدئۆلۆژیی کۆماری ئیسلامی بە باشی تێبگەن و بزانن کە ڕێژیم لەڕێگەی فەرهەنگسازی و ڕەوایی بەخشین بە بۆنە مەزهەبییەکان و هێنانەوەیان وەک سەمبول و هێما بۆ ژیانی تاکەکان هەوڵی داوە بە شێوازێکی زۆر شاراوە ئەم باوەڕە بخزێنێتە مێشکی تاکەکانەوە، چیدیکە بینەری پیرۆزبایی ژنان لە کچەکانیان بۆ ڕۆژی لەدایکبوونی مەعسوومە و ... نابین.

بەربەستەکان بۆ ژنان لە گەڵ چوارچێوەی کۆماری ئیسلامی بونیات نراون و لەرزۆک کردنی کۆڵەکەکانی مانەوەی ڕێژیم گەورەترین خزمەت بە ئازادیی ژنان لە بەربەستەکان دەبێ.

# ڕاهێنەری فێرگەیەک بۆ فێربوون

مریەم عەلیپوور

بەشی پازدەیەم

## ٤،٤ڕاهێنەری بە مەبەستی شێوازی ستایلی بەرپرسی

ستایل لێرەدا مەبەست لە شێوازی هەڵسوکەوتی بەرپرسەکەیە لە هەموو بارێکەوە.

هەر وەک پێشتریش ئاماژەم پێدا، ڕاهێنەری وەک ئامرازێکە بۆ یارمەتی مرۆڤەکان، بۆئەوەی بەو قۆناغەی کە حەزیان لێیە بگەن. ڕاهێنەری بە مەبەستی شێوەی «ستایلی بەرپرسی» تەنیا بۆ بەرپرسێک نییە، بەڵکوو هەر تاکێک بەرپرسی کەسایەتی، هەڵسوکەوت و بوونی خۆیەتی و ستایلی تایبەت بە خۆی هەیە.

## ڕاهێنانی فێرخواز بۆ گەشەدان بە ستایلی خۆی

- بەهێزکردنی تواناکان بۆ گوێڕاگرتن و وڵامدانەوە بە وتە یا کردەوە
- دیاریکردنی ئامانجەکان، پاڵپێوەنان(هاندان) یا دانی هۆ (ئەنگیزە)
- گەشەدان بە توانا و لێهاتوویی بۆ پێوەندی گرتن
- چڕبوونەوە و گرنگیدان بە هەڵەکان و ڕێگاچارەکان
- بەس بۆ خۆی بێ، نەک کەسێکی دیکە. یانی لە ژێر دەسەڵاتی کەسێکی دیکەدا نەبێ یان کەس و کەسانی دیکە هەڵینەسووڕێنن
- توانای خۆڕاگری لە بەرامبەر ڕەخنە و کێشەدا هەبێ
- ئاوتوریتێت یان کارلێهاتوویی هەبێ
- قسەی خۆش و دڵگەرمکەر بکا
- لە بەهێزکردنی بیرە ئەرێنییەکاندا زیرەک و وریا بێ

هێندێک لە پرۆسەی ڕاهێنەری کە Daniel Goleman ( - ١٩٤٦) نووسەر و دەروونناسی بەناوبانگی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەک بناغە ئاماژەیان پێدەکات بە تایبەت بۆ بەرپرسەکان، ئەوانەی خوارەوەن:

**دەسەڵات:**
یەکێک لە خوو و ڕەوشتەکانی هەر بەرپرسێک ئەوەیە، حەز دەکات کاربەدەستەکان یا ئەندامانی گوێڕایەڵی بن و هەر کارێک کە بەرپرس داوای لێکردن بەبێ یەک و دوو بەڕێوەی بەرن.

**ئاوتوریتێت:**
بەرپرسەکان حەزیان لێیە کە کاربەدەستەکان یا ئەندامان بێننە ژێر ڕوانگەی خۆیان.

**هاوکاری:**
بەرپرسان پێوەندییەکی یەکگرتوو و هاوبیر و سۆزداری لە گەڵ کاربەدەستان یا ئەندامان دروست دەکەن بە شێوەیەک کە لە ژێر کاریگەری هەست و سۆزی خۆیاندا بن.

**کردارێکی ئازایانە (شاکار):**
بەرپرسەکان چاوەڕوانن کە کاربەدەستەکانیان یا ئەندامی ڕێکخراوەکەیان، کارامە و لێهاتوو بن و زۆر چالاکی و کرداری ئازایانە و باشیان هەبێت. بەردەوام ئاکامی کارەکانیان وەک شاکارێکی تایبەت دەستنیشان بکرێن.

**هۆشی سۆزی (عاتیفی):**
زۆر لە بەرپرسان حەزیان لێیە کاریگەرییان لەسەر کاربەدەستان یا ئەندامان زۆر بێت، بۆ ئەوەش دەبێ لە پێشدا بتوانن کاریگەری و کۆنترۆڵیان بەسەر هەست و سۆزی خۆیاندا هەبێت، پەرە بە سۆزداری و ناسینی خۆیان بدەن.
Goleman پێی وایە ئەو بەرپرسانەی کاریگەرییان هەیە ئەوانەن کە هەست و سۆزیان زۆرە یانی بەهۆش و وریان، ئەوەش بریتییە لە توانای ناسینی باری ڕۆحی مرۆڤەکان، ڕادەی سۆز و هەستی ئەوان و هەبوونی توانا بۆ ئەوەی کاریگەرییان بەسەر هەست و سۆزی ئەواندا هەبێت.



ئەو بەرپرسانە کە هۆشی سۆزدارییان زۆرە زوو دەتوانن کەسانی دیکە ڕازی و قانع بکەن. تەنیا لە ڕوانگەی خۆیانڕا چاو لە بابەتەکان ناکەن، بەڵکوو هەردەم هەوڵ دەدەن لە ڕوانگەی کەسی بەرابەریشڕا بابەتەکان ببینن.
هەبوونی هەست وسۆز دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی مرۆڤ لە ڕق و کین دوور ببێتەوە و گرتنی پێوەندیش لەگەڵ خەڵکانی دیکە بۆیان ئاسانتر بێت.

نموونەیەک کە Goleman بۆ جیاوازی ڕوانین یان هەست پێکردن لە شوێنێک، چ لە بەرزاییڕا و چ لە نەویاییڕا لە سیمینارەکانیدا بەکاری دەبات و باسی دەکات ئەوەیە کە دەڵێت:
ڕۆژێک دایکێک بەبۆنەی کڕینی دیاریی سەریساڵی زایینی لە گەڵ کچە پێنج ساڵانەکەی دەچێتە بازاڕ.
دایکەکە دیمەنی ناو بازاری بەتایبەت چراخان و دارە ڕازاوەکانی زۆر پێ جوان و دڵگیر دەبێت.
دەستی کچەکەی توند دەگرێت و بەردەوام لە دونیای خۆیدا درێژە بە ڕۆینەکەی دەدات و کچەکەشی بە نوزەنوز و گریانەوە بە دوایدا.
خێراخێرا دایکی پێی دەڵێت بۆ ئەوەندە بیانوو دەگری، تەماشا کە ئەو چراخان و دارە ڕازاوانە چەندە جوانن.
بەڵام ئەو قسانە هیچ کاریگەری لە سەر کچەکە دانانێت.
پاش ماوەیەک ڕۆیشتن دایکەکە هەست دەکات کە بەندی کەوشی کچەکەی کراوەتەوە و لەوانەیە وەبەرپێی کەوێت و بکەوێت.
دادێتەوە تا بەندی کەوشەکانی بۆ گرێداتەوە، هەست بە دونیایەکی دیکە دەکات کە زۆر جیاوازترە لەو دونیایەی کە ئەو دەیبینێت.
دونیای کچەکە دونیایەکی تا ڕادەیەک تاریک و بە ئازارە و لە لای کچەکەی تەنیا دەست و لاقی خەڵک دیارە کە بە توندی تێدەپەڕن و لەوانەیە هێندێک جار ئەو دەستانە وەسەری کچەکەش بکەون، تێپەڕینی ماشین و دەنگی سیگنالی ماشینەکانیش زۆرە.
ئەو جار دایکەکە هەست پێدەکات کە بۆ کچەکەی هەر دەنووزایەوە و هەستی بە ناخۆشی دەکرد. هەر بۆیە زوو هەستی بە هاوسۆزی لەگەڵ کچەکەی کرد و هەوڵی دا بە زووترین کات لەو شوێنە دوور کەونەوە.
چەند شێواز یا ڕێسای کاری هەیە بۆ ئەوەی بەرپرسێک چۆن بتوانێت یارمەتی کاربەدەستەکان یا ئەندامان بدات.
دەتوانین هەر یەک لەوانەش لە پڕۆسەیەکی ڕاهێنەریدا کەڵکیان لێوەرگرین:

**• پێکهێنانی کەشوهەوایەکی سالم و باش بۆ وتووێژ و قسەکردن:**
بە شێوەیەکی سیستەماتیک هەوڵ بدرێ بۆ پێکهێنانی کەشوهەوایەکی سالم. پێکهێنانی کەشوهەوایەک کە بەشداران تێیدا هەم هەست بەمتمانە، هێمنی و ئاسوودەیی بکەن و هەم لەگەڵ یەکتر ئاوەڵا بن.
کەشوهەوایەک کە ئەندامان یا بەشداران باوەڕیان بە بەرپرسەکە یا ڕاهێنەرەکە هەبێت.

**• بەئارامی گوێڕاگرتن:**
بەئارامی و بەبێ پەلە گوێ ڕاگرە تا ئەندامەکە یا فێرخوازەکە قسەکانی خۆی دەکات، هەوڵ مەدە قسەی پێ ببڕی.
وشەی بەڵێ و هێندێک وشەی کورت یان بە جووڵەی لەش (سەر و دەست و...) بەکاربێنی کە نیشان بدات گوێت داوەتە قسەکانی.
هێندێک جار پرسیار بکە وەک: مەبەستت چ بوو؟ دەتوانی زیاتر باسی ئەو بەشەی بکەی؟
پێتوایە چ دەتوانین بکەین؟
پرسیاری وا مەکە کە وڵامەکەی تەنیا ‹‹ئا›› یا ‹‹نا›› بێت، یان بەشێوەی لێپرسینەوە بێت.
زۆر خۆت وەک ڕاوێژکار پیشان مەدە.

**• یارمەتیدان بۆ پێناسەکردنی گیروگرفت یا کێشە:**
کاری تۆ چ وەک بەرپرس و چ وەک ڕاهێنەرێک ئەوە نییە کە گیروگرفت یا کێشەکان پێناسە بکەی، بەڵکوو ئەوە کاری ئەندامەکان، کاربەدەستەکان یا فێرخوازەکانە کە دەبێ گیروگرفت و کێشەکان پێناسە بکەن. ئەتۆ دەبێ تەنیا چڕبوونەوە و بیرت لە لای پێناسەکردنی کێشەکە و ئاکامەکەی بێ.
هەروەها دەتوانی یارمەتی ئەو کەسە بدەی کە کێشەکە پێناسە دەکات بۆ ئەوەی بزانن کێشەکە چ جۆرە کێشەیەکە و لە چ قۆناغێکدایە.
بۆ زیاتر شارەزابوون لەو پێوەندییەدا دەتوانی پەرتووکی کێشە و ڕێگاچارەکانی بخوێنییەوە.

**• یارمەتیدان بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارە بۆ کێشەکە:**
هێندێک جار مرۆڤ تووشی گیروگرفت یا کێشە دێت، بۆ ماوەیەک زەینی زۆر سەرقاڵ دەبێت و زەحمەتە بتوانێت بە دوای زۆر ڕێگاچارەدا بگەڕێت.
هەر بۆیە بە یەکەم ڕێگاچارە ڕازی دەبێت. لەو کاتەدا ئەرکی تۆیە چ وەک بەرپرس یا ڕاهێنەر یارمەتی ئەندام، کاربەدەست یا فێرخوازەکە بدەی تا بەدوای ڕێگاچارەی زیاتردا بگەڕێت و پاشان لە نێوانیاندا باشترینیان هەڵبژێرێت.

| راهێنان یان مەشق کردن | |
|---|---|
| هەستەکان: | ڕاهێنان بۆ جووڵاندنی هەستەکان بەشێوەی هاندان و پاڵپێوەنان یان ئیلهامدان. |
| تێڕوانینی هاوبەش: | لەو ڕێگایانەوە دەتوانین تێڕوانینی هاوبەشی خۆمان لەگەڵ کەسانی دیکە دەرببڕین. ئەوە شتێکی سروشتییە کە ئێمە مرۆڤەکان لەو بەشانەدا تێڕوانینی هاوبەشمان هەبێت وەک، ئامەزرۆیی و بەهیوابوون بۆ گەیشتن بە ئامانج، بۆچوون، گەشبینی، هزر، وزە، ویست ..... هتد. |
| بیرکردنەوە: | ورووژاندن و هاندانی مێشک بۆ باشتر بیرکردنەوە. |
| هاندان بۆ ئەوەی: | ژیربێژانە و لۆژیکی بیر بکەینەوە، بەردەوام چاویلکەی ڕەشمان لە چاودا نەبێت بەڵکوو بە چاویلکەی ڕەنگاوڕەنگ یان ڕوون و خاوێن تەماشای جیهان بکەین، داهێنەر یان خوڵقێنەر بین. |
| هەبوونی ڕۆڵ بۆ: | ڕێزدانان بۆ بەهاکان، باوەڕ بەیەکترکردن، تێڕوانینی ئەرێنی، ناساندن و ناسین، دیسیپلینەکانی کەسی، مۆڕاڵ و پڕەنسیپە ئەخلاقییەکان. |
| ڕاهێنەری کردن بۆ: | دانی هیوا بە کەسێک، ئارەزوی باش و ئەرێنی، زیاتر هاوسۆزی کردن لەگەڵ هێندێک کەس. |
| بۆ جیاکردنەوەی ڕاستی و چەوتی: | ڕاوێژکردن، هاودەنگی، یەکدڵی، پشتگیری، هاوکاری، کێبەرکێیەکی سالم و تەندروست. |

**• چارەسەری کێشەکە:**
بۆ ئەوەی ئەندام، کاربەدەست یان فێرخوازەکان هەست بە بەرپرسایەتی بکەن، خۆیان دەبێ هەوڵ بدەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان.
چ وەک بەرپرس یان چ وەک ڕاهێنەرێک ئەوە ئەرکی تۆ نییە کە گیروگرفت یا کێشەی ئەندامەکە یا فێرخوازەکە چارەسەر بکەی لەبەر ئەوەی ئەو کات ئەوان هەست بە بەرپرسایەتی ناکەن، ئەگەر چارەسەرەکە باش نەبوو ئەو کات تۆ تاوانبار دەکرێی.
ئەوە کێشەی ئەندام یا فێرخوازە و دەبێ خۆیان هەست بە بەرپرسایەتی بکەن و چارەسەری گرفتەکە بکەن، ئاکامەکەشی هەرچی بێت خۆیان وڵامدەرن. تۆ وەک بەرپرس یا ڕاهێنەر تەنیا یارمەتیدەری بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە.

**• هاندان بۆ دانانی پلانی کاری:**
وەک ڕاهێنەرێک لە کۆتایی دانوستاندنەکەدا ئەرکی تۆیە کە فێرخواز ڕێنوێنی بکەی و هانی بدەی بۆ ئەوەی پلانی کاری خۆی دیاری بکات. پلانێکی باش و کۆنکرێت کە هەنگاو بە هەنگاو چۆن و بە چ شێوەیەک گیروگرفتەکە یا کێشەکە چارەسەر بکات.
بەو شێوەی خوارەوەش دەتوانین ڕاهێنان یان مەشق بکەین بۆ باشترکردنی ستایلی خۆمان:

**هەستەکان:**
ڕاهێنان بۆ جولاندنی هەستەکان بە شێوەی هاندان و پاڵپێوەنان یان ئیلهامدان.

**تێڕوانینی هاوبەش:**
لەو ڕێگایانەوە دەتوانین تێڕوانینی هاوبەشی خۆمان لەگەڵ کەسانی دیکە دەرببڕین.
ئەوە شتێکی سروشتییە کە ئێمە مرۆڤەکان لەو بەشانەدا تێڕوانینی هاوبەشمان هەبێت وەک، ئامەزرۆیی و بەهیوابوون بۆ گەیشتن بە ئامانج، بۆچوون، گەشبینی، هزر، وزە، ویست ..... هتد.

**بیرکردنەوە:**
ورووژاندن و هاندانی مێشک بۆ باشتر بیرکردنەوە.

**هاندان بۆ ئەوەی:**
ژیربێژانە و لۆژیکی بیر بکەینەوە، بەردەوام چاویلکەی ڕەشمان لە چاودا نەبێت بەڵکوو بە چاویلکەی ڕەنگاورەنگ یان ڕوون و خاوێن تەماشای جیهان بکەین، داهێنەر یان خوڵقێنەر بین.

**هەبوونی ڕۆڵ بۆ:**
ڕێزدانان بۆ بەهاکان، باوەڕ بە یەکترکردن، تێڕوانینی ئەرێنی، ناساندن و ناسین، دیسیپلینەکانی کەسی، مۆڕاڵ و پڕەنسیپە ئەخلاقییەکان.
ڕاهێنەری کردن بۆ: دانی هیوا بە کەسێک، ئارەزوی باش و ئەرێنی، زیاتر هاوسۆزی کردن لە گەڵ هێندێک کەس.

**بۆ جیاکردنەوەی ڕاستی و چەوتی:**
ڕاوێژکردن، هاودەنگی، یەکدڵی، پشتگیری، هاوکاری، کێبەرکێیەکی سالم و تەندروست.
هەموو ئەوانە دەتوانین بخەینە ناو خشتە یان ماڵێکی چوار گۆشە و ڕۆژانە ڕاهێنان یان مەشقیان لەسەر بکەین (بڕوانە بۆ خشتەکەی سەرەوە).

# تیرۆریزم لە ڕێژیمی ئێراندا

سۆران شەمسی




دیپلۆماسی گرینگترین ئامرازی سیاسەتی دەرەوەی هەر وڵاتێکە بۆ گەشەی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە ڕێگای کەسی دیپلۆماتکاری وڵاتەکەوە و وڵاتەکان دەتوانن بیرورا جیاوازە سیاسییەکانی خۆیان لە ڕێکخراوە نێونەتەوەیی و نیودەوڵەتییەکان و هەروەها لەو وڵاتانەی کە باڵوێز و کۆنسوولخانەیان هەیە، بهێننە بەر باس.
وەزارەتی دەرەوە و ناوەندە دیپلۆماسییەکان لە هەر وڵاتێکدا هێمای ئەو وڵاتەیە لە شێوە بینینی وڵاتانی جیهاندا؛ وڵاتان لە هەوڵدان تاکوو لە ڕێگای دیپلۆماسییەوە زۆرترین بەهرە وەربگرن بۆ پێشخستنی ئابووری و کولتووری وڵاتی خۆیان و هەر وڵاتێک بەپێی بەرژەوەندییە درێژخایەنەکانیان کە پلانیان بۆ داڕشتوون، بۆ بەشی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتیش پلانی کورتماوە و درێژخایەن دادەڕێژن.
هەموو دەوڵەتە داگیرکەرەکان هەوڵ دەدەن لە ڕێگای ڕۆژنامەکانی خۆیانەوە کە لەژێر فەرمانیاندایە و لە ڕێگای باڵوێزخانەکانیان، گومانی تیرۆر لە خۆیان دوور بکەنەوە و تاوانی ئەم کردەوانە بخەنە سەر ئازادیخواز و نەیارانی وڵاتەکەیان.
فاشیزمی ئایینیی دەسەڵاتدار لە ئێراندا، واتە ئەو بەشەی ڕێژیمی ولایەتی فەقیهی، سواری بووە، لەسەر دوو پێ بنیات نراوە و دەڕوات:
یەکەم، سەرکوت لە نێوخۆ (سەرکوت لە هەموو ڕەهەندێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، سەرکوتی کەمینە ئایینییەکان و ....)
دووهەم، هەناردەی کۆنەپەرەستی و تێروریزم بۆ دەرەوەی وڵات، هەناردەکردنی کۆنەپەرەستی وەکوو خسڵەتی سەرەکیی نیزامی ویلایەتی فەقیهی، واتە (هەناردەکردنی شۆڕش!) بۆ جیهان کە دەسەڵاتێک بەپێی ئایین و نەک بەپێی جوگرافیایی پێناسە دەکات، داڕشتووە.
بە وتەی سیاسی، هەناردەکردنی کۆنەپەرستی، هەناردەکردنی قەیران، شەڕخوازی، هەناردەکردنی تیرۆریزم کە ڕێژیم ناوی (هەناردەکردنی شۆرشی) لێ ناون، بۆ بەرەوپێشبردنی ئێستراتێژییە، سەرکوتی ناوخۆ و هەناردەکردنی تیرۆریزم تەواوکەری یەکترن و سەرکوت پشتقایمە بە هەناردەکردنی کۆنەپەرەستی.
دەسپێکی شەڕی ماڵوێرانکەری هەشت ساڵەی ئێران و عێراق کە خومەینی وەکوو بەرەکەتێکی ئیلاهی ناوی لێ نابوو بۆ داپۆشینی ئەمە بووە کە هێزی تیرۆریستیی قودس یان (سپای تیرۆریستیی قودس) بەشێکە لە هێزەکانی سپای تیرۆریستیی پاسداران کە پێش لە کۆتاییهاتنی شەڕی ماڵوێرانکەری نێوان ئێران و عێراق دامەزراوە و وەکوو لە پێڕەو و پرۆگرامەکەیدا هاتووە بەرپرسیارەتیی ئەرکە سەربازییەکانی دەرەوەی وڵات بۆ پەرەدان بە دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیە لە ئاستی ناوچە و هەوڵدان بۆ تۆقاندن و ترساندن لە ڕێگەی تێرۆر و ڕەشەکوژی لەسەر شانی ئەم هێزەیە.
باس لە باسکی تیرۆری نیزامێکی تۆتالیتێر و سەرکوتکەرە کە پێ و شوێنی وێڕای هێزی تیرۆریستیی قودس، لە زۆربەی تیرۆرەکانی کەسایەتییە سیاسییەکان لە ناوچە و جیهاندا دەبیندرێت، بە ئاوڕدانەوێک بۆ قەیرانەکانی سوریە و کوژرانی منداڵان و ژنان و خەڵکی بێدیفاع، خوێنڕشتنی خەڵک و نارازییان لە عێراق و یەمەن، جێگای هیچ شک و گومانێک بۆ کردەوە تێکدەرانەکەی ئەم ڕێکخراوەیە ناهێڵێتەوە.
ئامانجی ڕێژیم لە تیرۆر لە دەرەوەی وڵات درووستکردنی کەشێکی پڕاوپڕ لە سەرلێشێواوی، چێکردنی ترس و دڵەڕاوکێ، گومانکردن، پەرەدان بە بابەتگەلی بێهوودە و بێبایەخ و دووپاتکردنەوەیەکی بازنەیی پووچ و نێوبەتاڵی مژارەکانە لە دەرەوەی ڕێژیم؛ سێ دەیە دەسەڵاتی خامنەیی و زێدەتر لە چوار دەیە لە تەمەنی ئەو ڕێژیمە و هەروەها پێشهاتەکانی ئەم دواییانە و دۆڕاندنە یەک لە دوایەکەکان کە بە هۆی بڕیارە نێوخۆیییەکان و دەرەوەی خامنەیی و کەسانی نزیکی بە ڕوونی پیشانمان دەدات کە تیرۆر وەکوو تاکە ڕێگای چارەسەری خۆیان بۆ هەر کێشەیەک دەزانن بۆیە لە دەرەوەی سنوورەکانی وڵاتی ئێران ڕوویان لە تیرۆر کردووە.
پێداویستیی ئێستا ئەوە دەخوازێت کە بۆ نەهێشتنی مەترسییەک کە خەڵک و وڵات تووشی بوونە، هەموو هێزە پێشکەوتوو و ئازادیخوازەکان بە هاوکاری و هاوبیری یەکتر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسەتە زێدەخوازانەکانی ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهی بەکار بێنن، چونکە تیرۆریزمی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران باسێکی ڕۆژە و بابەخێکی زۆری لەلایان جیهانەوە پێ دەدرێت و دەبێتە باسێکی فرەڕەهەند.
تیرۆریزم بە کوشتن و خەسارگەیاندن بە تاکێک یان ڕێکخراوێک و خەڵکانێک بۆ مەبەستێکی سیاسی دیار دەوترێت، شێوەی کوشتنی سیاسی بەم جۆرەیە کە کەسی بکوژ هیچ کێشەیەکی تاکەکەسی لەگەڵ کوژراو نییە و بکوژ گوێڕایەڵی ڕێوڕەوەنێکە کە لەلایەن بڕیاردەری سیاسییەوە پێی دەسپێردرێت.
پشتگریی ماڵی و مادی لە هێزە سەربازییەکان لە عێراق، لوبنان، یەمەن، سوریە و .... دەکرێت وەک کرداری تیرۆریستیی ڕێژیمی ئێران لەسەر ئاستی ناوچەکە ئەژمار بکرێت، هەناردەکردنی تیرۆریزم یان هەناردەکردنی قەیران کە ڕێژیم وەکوو (هەناردەکردنی شۆڕش) دەیناسێنێت، ئیستراتیژیی مانەوەی ڕێژیمی ئیسلامییە، هەروا شەڕ لە دەرەوەی وڵات هەلی سەرکوت لە نێوخۆی وڵات بۆ ڕێژیم دەرەخسێنێت و دەبێتە هۆکار بۆ شاردنەوەی تاوانەکانی، وەکوو پیشەی هەمیشەییان کاتێک کە ڕێژیمێک لە چارەسەری کێشە نێوخۆییەکانی بێتوانا دەبێت و خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕەخنە و دژایەتیی گشتی دەبینێتەوە، بە سازکردنی قەیران لە دەرەوەی سنوورەکانی کێشە نێوخۆییەکانی وڵات بە ئاراستەیەکی تردا دەبات.
بڕیار و پرۆسەی بەدواداچوونی تیرۆری میکۆنۆس تێروتەسەلترین بەدواداچوون بوو کە لە بەرانبەر تیرۆریزمی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە دەرەوە کراوە، لەم بڕیارەدا پێداگریی لەسەر داڕێژەری و دەستتێدابوونی ئاشکرای کاربەدەستانی ڕێژیمی ئیسلامی لەم تێرۆرەدا کراوە، دادگای باڵای تاوانەکانی بێرلین دوای چوار ساڵ بەدواداچوونی بەردەوام و دوای ٢٥٦ کۆبونەوە و وەرگرتنی زانیاری لە سەدان شاهیدحاڵ و ئاگاداری بابەتەکە و چاوپێداخشاندنی دەیان هەزار لاپەڕە لە بەڵگەکان، لە ١٠ی ئاوریلی ساڵی ١٩٩٧ی زایینیدا بڕیاری تەواوی خۆی لە چەند سەد لاپەڕەدا ڕاگەیاند.
لە دوایین بەشی بڕیاری دادگای بێرلیندا و لە (لاپەڕەی ٣٢٤ بەملاوە لە نووسراوە ئاڵمانییەکەی و لاپەڕەی ١٩٦ بەملاوە لە نووسراوە ئیتالیاییەکەیدا) بە بەرچاوگرتنی (پێشینە مێژووییەکان و ئاشکرای ئەمر لەلایان دەسەڵاتدارانی ڕێژیم لەم تیرۆرەدا) بە تەواوەتی باس لە دەستتێدابوونی ڕێبەری ڕێژیمی ئیسلامیی ،خامنەیی و هەروەهاا کۆمیتەی ژێر چاوەدێری ئەودا کە پێکهاتەی سەرەکیترین کاربەدەستەکانی ڕێژیم دەکات و دەستتێدابوونی ئەو کەسانە لە بڕیارەکان، ڕێکخستن و کردەییکردنی تاوانەکە پشتڕاست دەکاتەوە.
بەگشتی هەرچۆنێک بڕوانینە ئەو کۆمەڵە داتایانەی سەرێ کە باسی لێ کرا، زۆر بە باشی دەتوانین کۆی سیاسەتە تێکدەرانەکانی ڕێژیمی ئێران و بەرەوپێشبردنی کردەوەکانی لەلایەن دەستنیشانکراوە تیرۆریستەکانی لە ناوچەکە و جیهان ببینین، هەر لەم ڕوانگەوە هەر شێوە بەرتەسککردنەوە و قەدەغەکردن و لیستەکردن دژی کردەوە تێکدەرانەکەی ڕێژیمی ئێران لە وڵاتانی ئوروپاییدا، یارمەتیدەرێکی گەورەیە بۆ خەباتی گەلانی ئێران بە مەبەستی گەیشتن بە دێموکراسی و مافەکانی مرۆڤ، بەو هۆکارەی کە بڕینەوەی دەست و دەسەڵاتی دیکتاتۆریی وەلی فەقیی لەو کۆمەڵە بابەتانەی باس کران، وەکوو هەڵگرتنی بەربەستێکە لە مەیدان و هۆکارە بۆ بێهێزکردنی حکوومەت بە قازانج و ڕێگاخۆشکەرە بۆ لافاوی هەستاوی خەڵکی ناڕازی لەنێو شارەکان و گەیشتن بە ویستە بەرحەق و ڕەواکانی خەڵک.

**بە وتەی سیاسی، هەناردەکردنی کۆنەپەرستی، هەناردەکردنی قەیران، شەڕخوازی، هەناردەکردنی تیرۆریزم کە ڕێژیم ناوی (هەناردەکردنی شۆرشی) لێ ناون، بۆ بەرەوپێشبردنی ئێستراتێژییە، سەرکوتی ناوخۆ و هەناردەکردنی تیرۆریزم تەواوکەری یەکترن و سەرکوت پشتقایمە بە هەناردەکردنی کۆنەپەرەستی**

**ئامانجی ڕێژیم لە تیرۆر لە دەرەوەی وڵات درووستکردنی کەشێکی پڕاوپڕ لە سەرلێشێواوی، چێکردنی ترس و دڵەڕاوکێ، گومانکردن، پەرەدان بە بابەتگەلی بێهوودە و بێبایەخ و دووپاتکردنەوەیەکی بازنەیی پووچ و نێوبەتاڵی مژارەکانە لە دەرەوەی ڕێژیم**

# ڕەفتاری زاتی یان فێرکارانە؟


سندووس

سێ بۆچوونی «ڕەوشتناسانە» لە «دەروونناسیدا» ئاماژەی پێکراوە:
١- تاقمێک کە ڕیشەی ڕەوشت و کرداری کۆمەڵایەتی لە مێژووی گەشەی ژینەکی مرۆڤدا دەبینن، وەک لارێنر، گوداڵ، ڕاین، هافمەن و هاید.
٢- ئەوانەی دەروونشیکارن وەک زیگمۆند فرۆید و داڕێژەرانی فێرکاریی کۆمەڵایەتی، وەک «بۆندۆرا» کە لایان وایە ڕەوشت یانی سازان لەگەڵ نۆڕمە باوە کۆمەڵایەتییەکان.
٣- تاقمی سێهەم کە بۆچوونەکانیان تا ڕادەیەکی زیاتر سەرنجی پێدراوە، دەرووناسگەلێکن، کە ڕادەی گەشەی ناسکارانەیان، پێ بنج و بنەوانی ڕەوشتە.
«ژان پیاژە» و «کۆلبەرگ» نوێنەرایەتی ئەم تاقمە دەکەن، هەر چەند کەسانێکی وەک «کارڕۆڵ گیلیگان»یش، لە سەر بناخەی ڕەخنە لە بۆچوونەکانی «کۆلبەرگ»، خاوەن بەهرەو لێکۆڵینەوەگەلێکی زۆرن.
ئەم سێ بۆچوونەی سەرەوە لە بواری ڕەوشت و گەشەی ڕەوشتیدا ڕای جیاوازیان هەیە، بەڵام هەرسێک لەسەر ئەم خاڵە کۆکن کە:
هیچ ڕەفتارێکی زاتی - ڕەوشتی بوونی نییە.
ئێستا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە چاکتر وا نییە لە بواری دانەدانەی مانا ڕەوشتییەکان، کە لە باب و باپیرانەوە بۆمان جێماون پرسیار بکەین؟
بۆچی مانای خیانەت، شەڕفرۆشی، شەڕانگێزی، لێپرسراویەتی و نەبوونی لێپرسراوییەتی و ... لە کولتووره جیاجیاکاندا جیاوازی هەیە؟
تاقمێک لایان وایە «شەک» و «بیرکردنەوە» لە جێگەی «پاراستن» و «کۆنترۆڵ»ی دەرەکی لە یاسای ڕەوشتیدا، دەبێتە هۆکاری دابەزینی ڕەوشتی مرۆیی و لایان وایە کۆنترۆڵی دەرکی بۆ هەڵکێشانی ئاستی ڕەوشتی تاکی و کۆمەڵایەتی کاریگەرترە
. ئێستا پرسیار ئەوەیە ئەی بۆچی بێ ڕەوشتی لە وڵاتێکی ئاخوند لێدراوی وەک ئێراندا وێڕای ئەوەیکە یاسای سەختی کۆنترۆڵ لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بوونی هەیە و تەواوی جومگەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیان بە توندترین شێوە خستووەتە ژێر چاوەدێری و ڕکێفی خۆیانەوە، ئاوا بە بەربڵاوی دەبینرێ؟
سەرچەشنی ئێران لە بواری خۆتێهەڵقورتاندن و کۆنترۆڵی ژیانی ئەندامانی کۆمەڵگا، ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە ئێستاش دوای دەیان دەیە، دەروونناسی ڕەفتارگەرا قسەی بۆ کوتن پێ ماوە و کۆنترۆڵی نالێپرسراوانە و کەماڵگەرا، ئاقارێکی دزێوی بۆ چێ کردووین و ئاقاری دزێویش سەرلەبەری ڕەوشتی تاکەکانی ناو کۆمەڵگای داتەپاندووە.
ڕێک ئەوەی ئێستا لە کۆمەڵگای ئێراندا شاهیدین و دەیبینین.
ئایدیالیزم و کەماڵگەرایی هەر لە سەردەمی ئەفلاتوونەوە مشتومڕی لەسەر بووە و بیر و زەینی بیرمەندانی بەخۆیەوە خەریک کردووە.
«کارڕێڵ پوپێر» دەڵێ:
«تەواوی ئەو قوتابخانە ئاسمانی و زەوینییانەی ویستوویانە لەسەر گۆی زەوی بەهەشت چێ بکەن، نەک هەر سەرکەوتوو نەبوونە، بگرە جەهەننەمێکیان چێ کردووە کە سەر لەبەری وجوودی مرۆڤیان تێدا هەڵقرچاندووە و شتێکیان بە ناوی ڕەوشتی مرۆیی هەر نەهێشتووەتەوە و دەسکەوتەکەی تەنیا خوێنخۆری، ژان، برین، چارەڕەشی و بەشمەینەتی بووە و زۆر جار مرۆڤایەتییان تا هەڵدێری نەمان و قڕکردن بەدووی خۆیاندا ڕاکێش کردووە.
«یەکێتی سۆڤییەت»ی پێشوو بە «بلووکی ڕۆژهەڵات»ەوە، «کۆرەی باشوور»، «کوبا»، «وێنۆزوئێلا»، «ئێران» و هەرچی وڵاتی ئایدیۆلۆژی لێدراوە، یان ئەو جەهەننەمیان چێ کردبوو و یان هەر ئێستا جەماوەری وڵاتەکەیان لە جەهەننەمدا ڕاگرتووە و خەڵکی ئەو وڵاتانە لە سەرەتاییترین مافی ئینسانی بێبەش کراون. ئالێرەدا ڕۆڵی نێگەتیڤی کۆنترۆڵمان بۆ دەردەکەوێ، کە ئەم وڵاتانە بە مەبەستی هەڵکێشانی ئاستی ڕەوشتی تاکەکانی کۆمەڵگا، بە بێ سەرنجدان بە ویستە دەروونییەکانی ئەوان، تا ڕادەی شێواندن و قڵپکردنەوەی تەواوی ئەزموونی شارستانییەتی مرۆڤایەتی، بێ شەرمانە ئیزنیان بەخۆیان داوە کە دزە بکەنە ناو ژیانی هەرەتایبەتی مرۆڤەکانەوە و تەنانەت شێوەی جلوبەرگ پۆشینیشیان بۆ دیاری بکەن.
بۆیە بە باوەڕی بەشی هەرە زۆری خاوەنڕایانی بواری پەروەردە، لە جێگەی درووستکردنی «مرۆڤی باش»، دەبێ لەنگەر لەسەر مێتۆدێک بگرین کە «شارۆمەندی باش»، ئاکامەکەی بێت. شارۆمەندێک کە نە ئازار بدات و نە ئازار بدرێت، ئا بەم هاسانییە و بە بێ تێچووی گیانی و مادی و بە بێ ماڵوێرانی، کوشت و کوشتار و دەربەدەری. شارۆمەندێکی یاساتەوەر، لێپرسراو و مرۆڤدۆست. ئەو شارۆمەندە لێپرسراوەی، بە ڕاستی سیستمە ئایدیۆلۆژیکەکان لێی دەترسن.

# هونەری «مەودادانانی کۆمەڵایەتی» لە ڕوانگەی «هانا ئارێنت»

نووسین: کەتی برێشت

وەرگێڕان: کەماڵ عەزیزی



کاتێک کە تاک خۆی بەتەنیا دەبینێ دەتوانێ ڕاهێنان بە خەڵوەت بکات.
مەودادانانی کۆمەڵایەتی باشترین دەرفەتە بۆ ئەو هونەرە ونبووە.

وێدەچێ هەمووشتێک لە بەرزترین ئاستی خۆیدا بە هەڵە بچێتە پێش. لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا پۆپۆلیزم و دەسەڵاتخوازی سەرلەنوێ ڕووی ناحەزی خۆی دەرخستووەتەوە، ئابووری لە نزمترین ئاستی خۆیدایە و ئێمە تەنیا خەریکی دوورینەوەی بەرهەمەکان و وێران کردنی ژینگەین. ڕادەی خۆکوژی دەچێتە سەر و قەیرانی پەنابەری هەر وەکوو پێشوو لە ئارادایە و سەرەڕای ئەمانەش ئێمە ئێستا لەگەڵ نەخۆشییەک بەرەوڕووین کە هەموو جیهانی گرتووەتەوە . وەکوو ئەوەیە کە بە سنوورەکانی دنیای پێشکەوتوو گەیشتبێتین و چاو لە هەڵدێرەکان بکەین و بەو ڕاستییە بگەین کە چ دێوەزمەیەک چاوەڕوانی هەڵدێرانی ئێمە دەکات.

بەڵام ئەوە کۆتایی چیرۆکەکە نییە. هانا ئارێنت فیلسووفی بەناوبانگی ئاڵمانی_ ئامریکایی بە هۆی خۆشەویستی جیهان و بۆ واتابەخشین بە هێندێک مەترسی وەکوو توتالیتاریزم و هۆلۆکاست، هەوڵەکانی لەو بارەوە شایانی وردبوونەوە و تێڕامانن. زۆرێک لە هەڵوێستەکانی ئارێنت ئەوڕۆکە دەتوانن بە کەڵکی ئێمە بێن، لە ڕاستیدا ئەو هەوڵانە دەرخەری ئەوەن کە ڕەنگە هونەری مەودادانانی کۆمەڵایەتی بە هۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا نەتەنیا ڕووکەشێکی زێوین، بەڵکوو ڕووکەش یان هەلێکی زێڕین بێت، ڕووکەشێک کە لە پەیوەندی کۆنی نێوان سیاسەت و دەروونناسی شاردراوەتەوە.

وتووێژ لەگەڵ «خۆ»

بە ڕێکەوت و بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر ئارێنت شاکارەکەی خۆی لە ساڵی ١٩٥١، «ئاخێزگەکانی توتالیتاریزم» بە تێڕامان و وردبوونەوەیەک لەسەر تەنیایی کۆتایی پێ دێنێت. ئارێنت باس لەوە دەکات کە لە سەردەمی کۆندا دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆر بۆ جیاکردنەوە و دوورخستنەوەی شارۆمەندان هەوڵیان داوە. چاندنی تۆوی دووبەرەکی، ناباوەڕی و بەدگومانی لە نێو شارۆمەنداندا و پێشگرتن لە هەڵوێست و پەرچەکرداری هاوئاهەنگی خەڵک و بەهێزکردنی دەسەڵاتی خۆیان، تا بتوانن هێژموونی خۆیان بەسەر هەموو جومگەکانی کۆمەڵگادا بسەپێنن.

لە لای ئارێنت گۆشەنشینی ئەزموونێکی تەواو سیاسی بوو. گۆشەنشینی، داماوی خەڵک بۆ نواندنی هەڵوێستێک لە کۆمەڵگا بە دژی دەسەڵات نیشان دەدات.

تەنیایی زیاتر ئەزموونێکی ئێگزیستانسیال بوو، ئەزموونێک کە تایبەتمەندییەکەی لە لاوازی پەیوەندی گرتن لەگەڵ کەسانی تر یا ڕاوەستان بە دژی ئەو کەسانە بوو. ئەوڕۆکە تەنیایی- بەتایبەت لە نێو گەنجانی بەساڵاچوو- گەیشتووەتە ئاستێکی ئێپیدێمیک و مەترسیدار. سرنجڕاکێش ئەوەیە کە نۆشدارووی ئارێنت بۆ گۆشەنشینی و تەنیایی بەیەکەوەبوون نییە، بەڵکوو خەڵوەتە.

خەڵوەت لەگەڵ گۆشەنشینی و تەنیایی جیاوازە، چونکە لەو دوو حاڵەتەدا تەنیایی جەستەیی پێویستە بەڵام لە خەڵوەتدا «خۆ» بە شێوەیەکی ئێگزیستانسیال تەنیا نییە، «خۆ» لەگەڵ «خۆ» لە پەیوەندی و وتووێژدایە.

لە تایبەتمەندییەکانی گۆشەنشینی وتەنیایی پچڕاندن و وازهێنانە، بەڵام لە خەڵوەتدا تاک لەگەڵ خۆی و جیهان لە پەیوەندیدایە، لە وتووێژی «خۆ» لەگەڵ «خۆ»، تاکێک کە خەڵوەتی هەڵبژاردووە جیهان لای خۆی شرۆڤە دەکات. بەپێچەوانە لە نێوان دوو تاکی تەنیا کە وتووێژ دەکەن، بە هۆی پەیوەندی دووبارەوە هۆگری یەکتر دەبنەوە، کە ئەوە نەگۆڕی و شوناسی تایبەتی مرۆڤ دەردەخات.

ئارێنت پێی وایە کە ڕاهێنان بە خەڵوەت، [ئەندێشە، ویژدان و خولقاندن] بەرهەم دێنێت. هەروەها باس لەوە دەکات کە هەرجۆرە ئەندێشە یان بیرۆکەیەک بە واتای تەواوی وشە، لە خەڵوەتدا شکڵ دەگرێ. ئەندێشە وتووێژێکە لە نێوان «من» و «خۆ»م. لە ڕاستیدا خەڵوەت دۆخی سرووشتی فیلسووفە.

هەروەها لە کتێبی «دۆخی مرۆڤ»دا لەو بارەوە دەڵێت کە خەڵوەت بە واتای لەگەڵ «خۆ»بوونە و لەو ڕووەوە بیرکردنەوە کردەوەیەکی تەواو تایبەتی و تاکەکەسییە، بەڵام هەرگیز بە مانای تەنیایی و بە بێ هاوڕێ نییە. هەروەها پێی وایە کە بیرکردنەوە بەرهەمهێنەری تێڕوانین و ڕوانگەگەلێکە کە ڕەنگە ببن بە نوسراوە و وێڕای کەسانی دیکە مشتوومڕیان لەسەر بکرێ، ڕوانگەگەلێک کە لە بیرکردنەوە بە خولقاندن، وەدەستهێنانی مانەوە(بقا) و بوون بە بەشێک لەو جیهانە هاوبەشە کە بە ئێمە دەگات.

هەروەها وتووێژی «خۆ» لەگەڵ «خۆ» لە خەڵوەتدا بەرهەمهێنەر و سەرچاوەی ویژدانە. ئارێنت لە پێشەکی کتێبی «ژیانی زەین» دەگەڕێتەوە بۆ دادگایی کردنی ئادۆڵف ئایشمەن، کەسی سەرەکی ڕێگاچارەی ڕایشی سێهەم و بە شێوەیەکی تایبەت پێداچوونەوە بە چەمکی خراپە یا ئەوپەڕی پەستی مرۆڤ دەکات و دەڵێت:

ئەو ڕادەیە لە خراپە لە ڕووی لووتبەرزی، ئێرەیی، ڕق و قین و تەماحی ئەخلاقی ئەو کەسە نییە، بەڵکوو لە بێ فکری و بێ ڕەحمی بێ‌ئەملاوئەولای ئەو کەسەیە و دەڵێت :

سرنجی من بۆ بێ فکری و حاڵەتی ڕەواڵەتی بوون لە بکەری ئەو کردارانەدا ڕاکێشرا کە دەبووە هۆی ئەوەیکە نەتوانێت هیچ بیانوو یان هۆکارێکی ڕیشەیی بۆ کردەوە خراپەکانی خۆی بێنێتەوە، ئەو کردەوانە هەژێنەر بوون بەڵام بکەری ئەوان-لانیکەم ئەو بکەرە واقعییە کە دادگایی دەکرا- مرۆڤێکی تەواو ئاسایی بوو، نە شەیتان سفەت بوو نە دێوەزمە!

هیچ نیشانەیەک لە بیروباوەڕ یان ئیدیۆلۆژییەکی چەقبەستوو یا پاڵنەر و بیانوویەکی تایبەت بەدی نەدەکرا. تەنیا تایبەتمەندییەکی جێی تێڕامان، لە ئاکاری ڕابردووی و لەو کاتە کە لێپرسینەوەی لێ دەکرا بەر لە دادگایی کردنی، تایبەتمەندییەکی تەواو نێگەتیڤ بوو، ئەو تایبەتمەندییە ساویلکەیی نەبوو بەڵکوو تەنیا و تەنیا بێفکری ئەو کەسە بوو.

ئارێنت ئاماژە بە داماوی ئایشمەن لە کاتی دادگایی کردنیدا دەکات و دەنووسێت: دووپاتکردنەوە، دەستەواژەی بێ کەڵک، کەڵک وەرگرتن لە ئاکار و قسەی باو، کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ناسراون و ئەو ئاکارانەی کە ئێمە لە بەرانبەر ڕاستییەکان دەشارنەوە.

ئارێنت لە کاتی نووسینی ئەم کتێبەدا باس لەوە دەکات کە چۆن بۆشایی مەعریفی و نەبوونی ئەندێشە، بۆتە نەریتێکی باو و ئاسایی لە ژیانی ڕۆژانەی ئێمە و بەردەوام خەریکی دووپاتکردنەوەین، تا ڕادەیەک کە هیچ کاتێک بۆ ڕاوەستان و تێفکرین تەرخان ناکەین، چ بگات بەوە کە مەیلێکمان بەو کارە هەبێت.

هەروەها ئەو پرسیارە دێنێتە ئارا کە ئایا خۆی تێفکرین و بیرکردنەوە بەدەر لە ناوەڕۆکی بیرۆکە، دژی خراپەیە؟ و ئایا ئەندێشە دەتوانێ پەیوەندی نێوان تێفکرین و ویژدان پێک بێنێت؟

خۆی وشەی ویژدان بە واتای «لەگەڵ خۆبوون و خۆناسینە» ، جۆرێک لە ناسین کە لە هەر جۆرە ڕەوتی ئەندێشەییدا بوونی دەبێ.

لە دیکتاتۆرییەوە بۆ تۆتالیتاریزم

لە کۆتاییدا هەڵبژاردنی خەڵوەت بۆ خولقاندن و داهێنان پێویستە.

لێک جیاکردنەوەی خولقاندن و سەرۆ(الهام) لە کردەوە و پراکسیس و ئەو جۆرە داڵغانە زۆر پێویستە، بەڵام تاکی گۆشەنشینی خولقێنەر پەیوەندی خۆی لەگەڵ جیهانی هاوبەش دەهێڵێتەوە و بە خولقاندن شتێکی بەرچاو بە جیهانی هاوبەشمان زیاد دەکات.

ئارێنت لە کتێبی ئاخێزگەکانی توتالیتاریزم باس لە خولقاندنی شێوازێک بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دیکتاتۆری لە لایەن تاکەکانەوە دەکات و دەنووسێت :

کاتێک لە ژێرهێژموونی حکوومەتێکی دیکتاتۆر، دۆخی گشتی یا پەیوەندییە گشتییەکان لە ناو دەچن، لانیکەم ڕەنگە تاک لەگەڵ خولقاندن و بیرۆکەکانی لەگەڵ دۆخی تایبەتی خۆیدا گۆشەنشینی هەڵبژێرێ، لە ڕاستیدا بە شێوەیەکی مێژوویی زۆربەی هونەرەکان لە ژێر زەبروزەنگی دیکتاتۆرەکان پشکووتون و گەشەیان کردووە.

هەر سێ بەرهەمی خەڵوەت واتا «ئەندێشە، ویژدان و خوڵقاندن» بۆ سەرلەنوێ بونیادنانەوەی جیهان پێویستن، بە کردەوە ئەو سێیە لە یەکەم هەنگاودا ژینگەی جیهانێکیان خولقاندووە کە ئێمە تێیدا دەژین. لای ئارێنت جیهان چەمکێکی تەکنیکی و کەشێکی لەمێژینەیە کە ئێمە لەوێ لە دایک دەبین، لەوێ ژیان دەکەین و کاتێک کە دەمرین بە حەسرەتەوە جێی دەهێڵین. جیهانی یاساکان، ئەدەبیات، هونەر، مووسیقا و سیاسەت و فەلسەفە، هەموو ئەو شتە سرووشتیانە لەخۆ دەگرێ. ئەو شتانەی کە لە ژیانی مرۆڤەکاندا یارمەتیدەر و ڕێنوێنی ئێمەن و ئێمە لە یەکتر کۆ دەکەنەوە و هەروەها لە یەکترمان دادەبڕن. ئەو جیهانە دەستکردی مرۆڤە، بەڵام ڕاوەستاو و خۆڕاگرترە لە تەمەنی مرۆڤ، هەربە هۆی ئەوەی کە دەستکردی مرۆڤە، کۆن و پەککەوتوو دەبێ و بۆ مانەوەی پێویستی بە مانەوە و بونیادنانەوەیە، کە ئەوە بەشێکە لە ئەرکی سەر شانی ئێمە و هەر جیلێک لە مرۆڤایەتی.

کاتێک دەبیسین کە لە وڵاتێک (بۆ نموونە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) ئاستی باوەڕی خەڵک بە نیسبەت یەکتر و دامودەزگا حکوومییەکان تا ڕادەیەکی بەرچاو داکشاوە، دەبێ خۆشحاڵ بین و ئەوە جێگای ئومێدە. ئارێنت پێمان دەڵێ کە ئەوە تا ڕادەیەک شتێکی ئاساییە. گەندەڵی بە تێپەڕبوونی کات بەرەبەرە بەسەر ئەو دامودەزگا حکوومیانەدا باڵی کێشاوە. دۆخێکی قەیراناوییە و تەنیا هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ئێمە وەک پێویست هەوڵمان نەداوە بۆ چاکسازی و بونیادنانەوەی جیهان.

لە ڕاستیدا تەنیا بە هۆی ئەوەیکە ئێمە ئەو جۆرەی کە پێویستە لە خەڵوەتدا نەبووینە و بیرکردنەوەمان لەبیر چۆتەوە، ئێمە بە تەنیا بوونمان لەبیر چۆتەوە.

ئەو دێوەزمەتان لە یاد ماوە؟ سیاسەتگەلی دەسەڵاتخوازانە، ئایدیۆلۆژی مەترسیدار و ئاکاری ماڵوێرانکەر سەرلەنوێ بۆ خوێنڕێژی مرۆڤەکان سەریان هەڵداوەتەوە. ئارێنت بەڵگە دێنێتەوە کە لە نێوان گشتگیربوونی گۆشەنشینی و تەنیایی و چوونەسەری ئاستی خۆشەویستی بۆ بزووتنەوە یا دەسەڵاتە پاوانخوازە پۆپۆلیستەکان پەیوەندی هەیە. ئارێنت لە ئاخێزگەکانی تۆتالیتاریزم بە بەڵگە باس لەوە دەکات کە تەنیایی خۆی دەورەیەک بەر لە تۆتالیتێربوونە. هەستی دووربوونەوە لە خەڵک و بە تایبەتی دوورکەوتنەوە لە «خۆ»، تاک تووشی خەسار و زیان دەکات.

هەروەها دەنووسێ: شتێک کە مرۆڤەکان لە جیهانی ناتۆتالتێر بەرەو تۆتالیتێربوون دەبات ئەو ڕاستییەیە کە کاتێک لە هێندێک لە دۆخە پەراوێزەکانی کۆمەڵگا، بۆ نموونە لەتەمەنی پیریدا تەجرووبە دەکرا، ئێستا بۆتە ئەزموونی ڕۆژانەی زۆربەی تاکەکان لە کۆمەڵگا لە سەدەی ئێمەدا. پێدەچێ کە ئەو ڕەوتە بێبەزەییانەی کە تۆتالیتاریزم کۆمەڵانی خەڵک بە شێوەیەکی سیستماتیک و ڕێکخراو هان دەدات، هەڵاتن و خۆبواردن لەو ڕاستییەی تەنیایی بێت، لە جیهانێک کە کەس باوەڕپێکراو نییە و ناتوانی دڵ بە هیچ شتێک خۆش بکەی بەڵگەهێناوەی سەرەڕۆیانە و لقی هەستیار و بەهێزی دیالێکتیک کە مرۆڤ لە مشتی خۆی دەگرێت، وەکوو دوایین پاڵپشت و یاریدەدەری مرۆڤ دەردەکەوێ.

لەو کاتەدا کە بێ باوەڕی سەرهەڵدەدات و دڵخۆشی نییە، نۆژدار تەنیا خەڵوەتە، وتووێژ لەگەڵ «خۆ» لە خەڵوەتدا کە «ویژدان، ئەندێشە و خولقاندن» بەرهەم دێنێت و ئەو سێیەش جیهان سەر لە نوێ بونیاد دەنێنەوە .

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر دەبێ خاڵێک لەبەرچاو بگیرێت، ئارێنت پێی وایە کە خەڵوەت لەژێر سەیتەرە و هێژمونی دیکتاتۆردا سەردەگرێ نەک لەژێر هێژمونی تۆتالیتێر.

دیکتاتۆر کەش یا شوێنەگشتییەکان کۆنترۆڵ دەکات بەڵام کەش یا دۆخی تاکەکەسی وێڵ دەکات و تواناییەکانی «ویژدان، ئەندێشە و خولقاندن» وەکوو خۆی دێڵێتەوە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە تۆتالیتێر تەنانەت دەست بەسەر کەشی تاکەکەسیشدا دەگرێ و کۆنترۆڵی دەکات. لە ڕێگەی سازکردنی کەشی ترس و دڵەڕاوکێ و ئایدۆلۆژیای تایبەت بە خۆی بوون یا پەیوەندی «خۆ» لەگەڵ «خۆ» ئاڵۆز دەکات و دەیپچڕێنێ. بەربەرەکانی ئەوڕۆی ئێمە لە ڕاهێنان بە خەڵوەت، کۆلۆنیزەبوون لە ڕووی هزرییەوە نییە، بەڵکوو ڕاگرتنی پەیوەندی نێوان «خۆ» و جیهانە.

بانگەشەیەک بۆ قارەمانەکان

لەو چیرۆکەدا تاک بە تاکی ئێمە دەتوانین قارەمان بین. زۆر کەس هەن وەکوو «پێشمەرگە سپی‌پۆشەکان» کە بە هۆی پیشە یا کارەکەیان بوونیان لە هێڵی یەکەمی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەو نەخۆشییە پێویستە تاکوو جیهان هەر لەسەر پێ بمێنێتەوە.

بەڵام ئەو کەسانەی تر کە بۆ مەودادانانی کۆمەڵایەتی داوایان لێدەکرێ، دەبێ لە هەوڵی ئەوەدا بن کە خۆیان لەگەڵ خەڵوەت بگونجێنن و ملکەچی ترس و دڵەڕاوکێ نەبن و وتووێژی «خۆ» لەگەڵ «خۆ»یا خۆیان سەرلە نوێ دەست پێ بکەنەوە.

جیهانی ئێمە پێویستییەکی زۆری بە چاکسازی و بونیادنانەوە هەیە بەڵام بە ئەگەری زۆر ئەو چاکسازییە لە سەرەوەڕا نابێ و دەبێ لە خوارەوەڕا و لە هەڵبژاردنی ڕۆژانەی تاکەکان دەست پێ بکات .

لە دەرەنجامدا ئەو شتەی کە خەڵوەت دیسان پێمانی دەداتەوە و نوێی دەکاتەوە، توانایی و لێهاتوویی و سەرلەنوێ دەستپێکردنەوەیە، توانایی هێنانی شتێکی نوێیە بۆ جیهان.

لە لای ئارێنت توانایی هێنانی شتێکی بێ‌هاوتا بۆ جیهانێک کە پێویستییەکی زۆری بە چاکسازی و نوێکردنەوە هەیە، دیارییەکە بۆ تاک بە تاکی ئێمە کە کاتی لەدایکبوون پێمان دەدەن، ئەو دیارییە کە سەرچاوەی باوەڕ و هیوایە، سەرسوڕهێنەرە و دەتوانین بڵێین مۆعجیزەیە.

ئەرکی ئیمە ئەوڕۆ گۆڕینی کاتەکانی تەنیاییە لەگەڵ خەڵوەت. تاک هەرکات خۆی بە تەنیا ببینێت دەتوانێت خۆی بە خەڵوەت ڕابێنێت. مەودادانانی کۆمەڵایەتی باشترین دەرفەتە بۆ دۆزینەوە و سەرلەنوێ وەدەستهێنانەوەی ئەو هونەرە ونبوویە.

ئێستاکە خەڵوەت لە هەموو کاتێک زیاتر بۆ دووربوونەوە لە وایرۆسی کۆرۆنا و زیندوومانەوە و هەروەها بۆ بونیادنانەوەی ئەو جیهانەیە کە تێیدا دەژین.

دوای تێپەڕکردنی سەردەمی خەڵوەت، دەست بەکاربوون و وەخۆهاتنەوە بۆ بیرکردنەوە، لێکدانەوەی ویژدان و خولقاندنی شتی نوێ، دەتوانین بە پەیوەندی گرتن و هاتووچۆ لەگەڵ خەڵک بە باوەڕەوە هەنگاو بنێین بۆ بونیادنانەوەی جیهانێکی نوێ.

سەرچاوە

The Art of Social Distancing According to Hannah Arendt, Fair Observer, Mar ٢٣, ٢٠٢٠.

## پەخشان / ئارام بنوو هاوڕێم

پووشپەڕ هەر خوێنی لێ دەچۆڕێت
هەر لەمێژ ساڵە سێدارە و گەردنی لاوی کورد
دەست لە ملان، جێژوانی هەتا هەتاییان هەڵبژاردووە؛
لە ڕەوڕەوەی ئەم چەرخە سپڵەدا کەلەبچە
زینەت بەخشی مەچەکی کچانی وڵاتی منە
سینگی کوڕە کورد هەموو کاتێک جەوەلانگەی تیرەنازی ڕەقیبان بووە، هەیە و دەشبێت؛
لە پووشپەڕی مەینەتدا کەس پێناکەنێت
شەمشەمەکوێرەکانی نێو کۆشکی لێوڕێژ لە تاوانی جەماران و
ئەهریمەنانی مەندیل لە سەری تاران و قوم
جەلادانی نێو سیاچاڵە و زیندان و قەسابانی ویژدانی مرۆڤایەتی نەبێت
کە بە قەد باڵای بەرزی زوڵم و زۆر قاقا لێ دەدەن؛
ئەمجار گێلاس و خوێن
پووشپەڕ و ژان
کورد و ماتەم و سێدارە و مل، لێمان بوون بە میوانێکی ڕەزا قورس
ئەمە چارەنووسی لاپەڕە خوێناوییەکانی مێژووی گەلی کوردە.
تازە شەهیدەکەم «هیدایەت»!
هاوڕێ وەفادارەکەی فەرماندە کەماڵی حەماسەخولقێن
یاری بەئەمەگی جەماڵ و سەلاح
هاوسەنگەرە بە ورەکەی شەماڵ و بێهزاد
خۆشەویستە نەبێزراوەکەی عومەر و خالید
ئافەرین بۆ بەڵێن و پەیمانت
بارەکەڵڵا، بە مەردایەتی کاروانی نەمرانت کردە دوا مەنزڵگەی خەباتت.
هاوڕێم!
سەری سەربەرزت سەربەرزانە کردە سەربازی سەنگەری سەربەستی
سەرت بووە سەربەرزترین سەری نێو سەرانی ئەم هەسارەیە
سەرت هەڵبڕە و بنواڕە هاوڕێم
ئێمە پەتی قەنارە و سێدارەمان لە چوارچرا و پێشەواوە بە میرات ماوە
فیشەک و گوللەی دوژمنانمان هەموو کاتێک لە ئامێز گرتووە، وەک چۆن دایک جگەرگۆشەکەی توند لەسەر سینگ ڕادەگرێت.
ئارام بنوو وەفادار بە ڕێبازت
ئارام بنوو ئازار و ئەشکەنجە سەر لاشە بێ نازەکەت؛
جێگەی فیشەک و خوێناوەکەت
خۆی گەواهیدەری تا سەر ئێسقان دەروەستبوونت بوو بە ئامانجی نەتەوەکەت
ئەوانە میداڵیای ئازایەتی و نرخی ئازادییەکەت بوو کە دڵ ئاوەڵایانە بەخشیت بە گەلەکەت.
هیدایەتی هاوسەنگەر!
تۆ شارت کردە گۆڕەپانی نەوەستان و نەسرەوتن و زیندانت کردە چەقی خەباتی بێوچان
واتای دیکەت کردەبەری ڕاسانەوەی ئەمجارەی مەوتەنەکەت.
هیدایەت ئەی مل بەرزتر لە کۆشکی ستەمکار
لە خواکانی پەت و دار
گوڵە مێلاقەکەی دەمەو وەهار
ئارام بنوو
دڵنیا بە هەر زەردەخەنەکەی قاسملووی ڕێبەر بەسە بۆ تۆڵەی گیانت
بیر و هزرەکەی کاک دوکتور بەسە بۆ ڕزگاریی هەتا هەتایی.
هەزار خۆزگەم بە خۆت هاوڕێم
چ قوتابییەکی بەئەمەگ و دەروەست بووی بە مەکتەبی دێموکرات و قوتابخانەکەی قاسملووی مەزن.
هاوڕێم ئارام بنوو ئارام بنوو
هەرگیز گوێ مەدە بەم دەرد و جەورە
مەینەت خۆشە بۆ ئاواتی گەورە
ئەو ئامانجە پیرۆزە دەچین بەرەو لای
هەر کەمە هەرچی بکێشین لە پای...

**دانا ڕاست خدیو**

## قەرەسەقەل ئیتر بەرزتر لەوەیە ڕوانینەکان بگەنە لووتکەی

نازانم لەم نیوەشەوەدا وا شەقامەکانیش نووستوون، بۆچی چوارمەشقان دانیشتووم و بە کەلەمەک وشەکان لەسەر لاپەڕە دادەڕێژم؟
ڕەنگە ئەم نووسراوانە کەرخەس بێت، بەڵام کەسێک وا لەسەر قاڵبییەک لە وشە دانیشتووە و لە گوڵە تامەزرۆکانی خانوویەکی بۆ خۆی سازکردووە، بەردەوام ناچارە بە نووسین.
وشەکان لێم تێناگەن! وەکوو مرۆڤە لاڵەکان دونیایەک قسەیان پێیە، بەڵام ئاماژە دەکەن و ئەم ئاماژە کورتانە، لە سەرسووڕهێنەرترین شێعرەکان، ڕوونترن. من لە دەنگگەلێکی ڕەنگاوڕەنگ بێزارم،
بە هەر لایەک سەرنج دەدەم، دەگەمە ڕێکورک.
ئــاخ! ژیان چ بەڵایەکی گەورەیت! خۆزگە سێبەرێکی بچووک دەبووم،
هەموو خۆرهەڵاتێک لەدایک دەبووم و هەموو خۆراوایەک دەمردم.
خۆزگە دونیا گوڵێکی سوور دەبوو و من ئەوم پێشکەش شەهیدێک دەکرد.
خۆزگە دوورگەیەکی مارزیای دەبووم و بەردەوام لە گەمارۆی زەریادا دەژیام.
خۆزگە دەفتەرێکی نیگارکێشان دەبووم و منداڵەکانی «هیدایەت»، لەسەر لاپەڕەکانم خۆرێکیان لەگەڵ کۆترێکی ئاشتی دەکێشا و سوور لە سەر و سەوز لە خوار پەرژینیان دەکرد؛
ئەو کات کێ دەیتوانی خۆرەکان بکوژێنێتەوە؟
وا هەست دەکەم گەرووم پڕ لە پیتە؛ هەست دەکەم ئاسمان ڕسیانی کردووەتە نێو دڵم!
شریخەی گوللە دێت و کەسێک دەبێت بە سومبول.
دەمەوێت قسە بکەم؛
هەڵۆیەک لە دەمم دێتە دەرەوە و لە ئاسۆی زاگرۆس ئۆقرە دەگرێت.
کات نابێتە هاوڕێم!
خۆزگە کەسێک من و میهەنگی کاتژمێری دیوارەکەمانی دەدایە ئاشتی،
دەمێکە لێم تۆراوە.
کات و شەو وەک لاولاو هەڵزنینە بە گیانمدا.
لە دەستی تۆقێنەری مەرگیش دوورم و خراومەتە پەراوێز.
شارێک، وڵاتێک، پێویستی بە بوونێک هەیە؛
بوونێک بڕوای بە بوونی خۆی هەبێت.
بوونێک شانازی بە بوونیەوە بکات.
بوونێک لە بوونی من بێت، تاکوو هیچ گوولـلەیەک پەلاماری ئاسمانمان نەدات.
حەز دەکەم باڵا بکێشم وەک «قەرەسەقەل»؛ ئەوەندە باڵا بکێشم ئەستێرەکان لەسەر شانم ئۆقرە بگرن.
بەڵام هەندێکجار هەست دەکەم ناتوانم،
قەرەسەقەل ئیتر بەرزتر لەوەیە ڕوانینەکان بگەنە لووتکەی.
دوای ئەو گوللەیە چنگی لە ئاسمانی شنۆ گرت،
بۆرانێک، ئاوازەکانمی ڕاکێشایە نێو شۆبەیەک.
تانوپۆی دەنگم، ژەنگی لێ هەڵوەری. قڵیشێک لەیەکمی کردەوە...
بەڵام کوردێک بەربەستە لە ڕواندنەوەم! بزەی جامانەیەک، دەمکاتەوە سروود و «فەرهاد»ێک ئاڵام بە دەستەوە دەدات.

**بێهزاد قادری**

# KURDISTAN

Published by *Democratic Party of Iranian Kurdistan* *No : 777* *5 July 2020*

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia

